کۆمەڵە چیرۆک



# ڕۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێک

ئەحمەد کامەران

## ناسنامەی کتێب

---

ناوی کتێب / ڕۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێک

نووسەر / ئەحمەد کامەران

بابەت / کۆمەڵە چیرۆک

نۆبەی چاپ/ یەکەم ٢٠٢٠

بەرگ/ ئارێز عەزیز

چاپخانە/ ناوەندی فێربوون

## ناوەڕۆک

١.ڕۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێک ( چیرۆکی ڕاستەقینە).

٢. کچە پاشا و کوڕ گالیسکەکە .

٣. نارڤین.

٤.نهێنی کچێک لەیەکەم شەوی بووکێنی دا.

تێبینی /

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٢٠ چاپ و بڵاوکرایەوە ، لە کۆمەڵێک چیرۆک پێک هاتووە ، کە تەنیا یەک چیرۆکیان لە ڕاستییەوە وەرگیراوە، هاوکاتە لەگەڵ ناونیشانی کتێبەکە .

بە پێویستم زانی کۆمەڵێک دەستکاری تێیدا بکەم و دووبارە بڵاوی بکەمەوە.

٢٠٢٤/١/٢٦

نووسەر

## ڕۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێک

چوارشـــــەمەی، مــــانگی نۆڤەمبـــەری ســــاڵی ٢٠١٩ بـــوو، هـــەموو چوارشـــەمانێکم، کۆتـــایی هەفتـــەی زانکـــۆم بـــووم ، بـــەهۆی ئـــەوەی بەشـــەکەی مـــن جیـــاوازتر بـــوو لەبەشـــەکانی دیکـــەی کۆلێژەکـــەم لـــە شـــەمە بـــۆ چوارشـــەم دەوامـــی ئاســـایی خـــۆی

ئەنجام دەدا، منیش لە زۆربەی کۆتا هەفتەکانی زانکۆم راستەوخۆ نەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە ، بڕیارم دا پیاسەیەک بە تەنیا بکەم بەدەوروبەری پیرە قەڵاتی هەولێردا ، لەپاشانیش لەوێوە راستەوخۆ بەرەو چایەخانەکەی مەچکۆ بەڕێ کەوتم، لە کوچەیەکی چایخانەکە بەکز و ماتەوە دادەنیشتم و میوانی چایەکی گەرم ، لەگەڵ رۆژنامەیەکی گەرما و گەرم لە هەواڵ و زانیاری، سەرجەم هەواڵەکان پڕاو پڕ بوون لە درۆو دەلەسەی بێ بنەما. جاروباریش چاوەکانم دەسوڕاندەوە بۆ سەر وێنەی کەسێکی خۆشەویستی خۆم کە وێنەکەی

بەگـــــــەورەیی لـــــــە ســـــــووچێکی چایخانەکـــــــەدا هەڵواسرابوو.

ئـــــەم کۆتــــا هەفتـــەی ئـــــەم جـــارەم  بڕیـــارم دابـــوو بــــڕۆم بـــۆ  ناوچـــەی عـــەنکاوە، چوونکـــە ماوەیـــەکی زۆر دەبـــوو ، پیاســـــەیەکم بـــەیادی رۆژانــــی منـــداڵیم بەناو کوچە و کۆڵانەکانی عەنکاوە نەکردبوو .

***

هـــــــەرکاتێکیش بـــــــەرەو "عـــــــەنکاوە" بڕۆیشـــــــتبامایە دەبوایـــــە لەیـــــەکێک لــــــە خواردنگـــــە خێراکـــــانی ئـــــەو ناوچەیـــــە، بەتایبــــەتی خواردنگەیـــــەکی لێبـــــوو لـــــە نزیکــــــی قوتابخانەکـــــــەم بــــوو، کە ئەوکاتـــــانەی لـــــە قۆنـــــاغی ناوەنـــــدی دەمخوێنـــــد ،  زۆربــــــەی جـــــاران لـــــەو خواردنگەیـــــە، پـــــارووە نـــــانێکم دەخـــــوارد. داوای

دوو لەفەی گەسی بەنانم کرد لەگەڵ ماستاوێکی ساردا ، کاتێک سەرقاڵی نان خواردن بووم لەناکاو کەسێک هاتە سەر سەرم ، بەشێوەیەکی زۆر ناسکانە و بە زمانە عەرەبیەکەی دراوسێمان داوای پارووییەکی نانی لێم دەکرد، منیش سەرم لەخوارەوە بوو سەرقاڵی گەس خواردن بووم ، خۆزگە هیچ کاتێک سەری خۆم بڵند نەکردبایەوە، کاتێک کە سەری خۆم هەڵبڕی راستەوخۆ چاوەکانم کەوتە ناو چاوێکی شینی پڕشنگدارەوە، کە هەروام دەزانی ئەو رۆژە من کەوتمە ناو ئاوی دەریاچەیەک، خۆزگە لە ئاوی دەریاچەیەک نوقمبوومایەو کۆتاییم پێ بهاتبایە، نەک چاوەکانم بکەوتبایە ناو چاوی کچێکی جوانەوە

کە ئەمەش زیاتر منی ئازار دەدا، کچێکی جوانی باڵابەرزی پرچ  ڕەش کە پرچەکانی بەسەر شانی دا هاتبووە خوارەوە، هاتبوو لای مێزەکەی من ،داوای پاروویەکی نانی لەمن دەکرد , منیش تووشی شۆک بووم، بەو قسەیەی کە لە لێوە هەنگوینیەکەی دەهاتە دەرەوە چوونکە هیچ باوەڕم نەدەکرد بەو قسەیەی، لە دڵی خۆمەوە هەستم دەکرد بەجوانیەکەیەوە هاتووە بەو نیوەڕۆیە گاڵتە بە دڵی کوڕێکی پڕ لە ئازاری ئەم نیشتمانەدا بکات ، یانیش وام بیر دەکردەوە ، کە سۆزانییەک بێت و ، داوای جووتبوونی لێ بکەم ، لەبەرامبەردا بڕێکی پارەی بدەمێ . باوەڕم نەدەکرد کە ئەو کچێکی هەژار بێت، چوونکە

ڕووخسار و جلەکانی لە هی من جوانترو پۆشتەتر بوو، بەڵام لەکۆتایی دا من ئەو کچە جوانەم کرد بە میوانی سەر مێزەکەی خۆم و هەرچیەکی داوا کرد چووم بۆم هێنا. هەرچەندەش ئەو رۆژە پارەیەکی کەمم لە گیرفان دا مابوو ، بەڵام گوێم نەدایە گیرفانی خۆم ، کاتێک بەجوانیەکەیەوە لەبەرامبەرم رووبەرو دانیشت  راستەوخۆ لە شەرما سەری خۆی هێنابووە خوارەوەو خەریکی خواردنەکەی پێشە خۆی بوو .

ئیتر منیش  شتێک لەناخی دڵمەوە بووە حەسرەتێک کە دەبوایە بم زانیبایە بۆچی جوانکیلەیەکی پرچ  رەشی چاوشین، هاتووە داوای پاروویەکی نانم لێ دەکات.

- پێم گوت: تۆ دیارە هیچ کەسێکت نەماوە ؟ خەڵکی کوێی؟ کچەی چاوشین بە زمانی شیرینی کوردی خۆمان وەڵامی منی دایەوەو پێی گوتم: ئەتوانی بە کوردیش لەگەڵم قسە بکەی من لە زمانی کوردی تێدەگەم ، بۆیە هیچ خۆت مەشڵژێنەو, بە زمانی خۆت قسەم لەگەڵ بکە.

- منیش گوتم: زۆر باشە ئەتوانی باسی ژیانی خۆتت بۆم بکەیت؟ بۆچی تۆ لێرەیەت ؟ چی دەکەی؟ بۆچی هاتوویت بۆلای من؟

- کچەی چاوشین گوتی: من دەمێکە چاوەڕێی دەرفەتێکی لەم شێوەیەم دەکرد کە رووبەرو لەگەڵ تۆ ،دابنیشم باسی ژیانی خۆمت بۆ

بکەم، ئەمرۆ ئەو رۆژەیە بۆ من ، کە توانیم لەبەرامبەری تۆدا دابنیشم و باسی بەشێکی بچووکی ئازارەکانی خۆم و هاورێکانم بۆت بکەم.

منیش تووشی شۆک بووم ، بە قسەکانی ئەو کچە، چوونکە من یەکەم جارم بوو ،کە ئەو جوانکیلەیە ببینم، بەڵام لەقسەکانی ئەو کچەدا ئەوە دیاربوو کە دەمێکە یەکتر دەناسین یاخود پەیوەندیەکمان هەبووبێت لەپێشتردا!!!

- پێم گوت: فەرموو بەقوربان من ئێستا گوێت بۆ دەگرم و تۆش باسی خۆتت بۆم بکە بزانم ,ناوت چیە؟ بۆچی لێرەیەت ؟ چیت لەمن دەوێت؟ چۆن هاتوویت بۆ ئێرە؟

چاوشـــین گـــوتی : زۆرباشـــە تەنیـــا گـــوێم بـــۆڕابگرە تا کۆتایی چیرۆکەکەم...

مـــن نـــاوم ئیســـرایە، تەمـــەنم بیســـت و یـــەک ســـاڵە ، لـــــە تەســـــکەرەکەم بـــــەهەڵـــــە منیـــــان دووســـــاڵ گـــەورەتر نووســـیوە، لـــە خێزانێکـــی مامناوەنـــد لـــە شـــاری موســـڵ بـــەبێ ئاگـــەداری خـــۆم چـــاوم بـــە دنیایـــەکی نـــامۆ هەڵهێنـــا ، ســـێ خووشـــک و ســـێ برابـــووین لـــە ماڵـــەوە ، لەگـــەڵ دایکـــم و بـــاوکم ، خێزانێکی قەرەباڵغ بووین.

بـــــاوکم نـــــــاوی جـــــــەوادە، ســـــــاڵانێکی زۆر فەرمانبـــەری بەڕێوەبەرایـــەتی ئـــاو بـــوو لـــە موســـڵ ، بـــــاوکم یـــــەکێک بـــــوو لەباشـــــترین فەرمانبـــــەری بەڕێوەبەرایەتیەکـــــەی خـــــۆی، دایکیشـــــم نـــــاوی

"ئایشەیە" ئافرەتی ماڵەوە بوو، بەڵام ئافرەتێکی زۆر خوێندەوار بوو کە بەبەردەوامی ئارەزووی لە کتێب خوێندنەوەو گەڕان بە دوای شتی نوێ دەکرد، لەهەمان کاتیشدا زۆربەی ئافرەتانی گەڕەکمان دەهاتن بۆلای دایکم هەتاوەکو فێری خوێندەواری ببن، بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی کارەکانی رۆژانەی خۆیان راپەرێنن، دایکی من دەستێکی کابانی هەبوو لە دروستکردنی خواردن و شیرنەمەنی، بەتایبەتیش کاتێک پاقلاوەی دروست دەکرد بۆمان ئەو ڕۆژە وەکو جەژن وابوو بۆ ئێمە، چوونکە پاقلاوەکەی دایکم لەهیچ شوێنێکی "موسڵ" بوونی نەبوو، دایکم بڕێکی زۆری دروستدەکرد لەپاشان دەیدایە

باوکم ، تاوەکو بڕوات لە بازار بیفرۆشێت کە توانی پارەیەکی باشی پێ پەیدا بکات.

ئیتر وای لێهات کە خەڵکی داوای ئەم جۆرە پاقلاوەیەی دایکم بکەن، بۆیە باوکم بڕیاری دا کە شوێنێکی بچووک بەکرێ بگرێت بۆ دایکم بۆ درووستکردنی پاقلاوە و شیرنەمەنیەکانی ، ئەمەش وای کرد ژیانمان زیاتر خۆشبێت و دڵیشمان خۆشتر بێت ، زۆر باوەڕمان بەبەشی خۆمان هەبوو هیچ کاتێک گلەیمان لە نەبوونی شتێک نەکردوە یاخود بۆ نەبوونی شتێک دڵگران نەبووینە بەپێی توانای خۆمان توانیومانە هەموو شتێک بکەین.

دووبـــــرا گەورەکـــــەم ، لەگـــــەڵ ئێمـــــە نـــــەدەژیان چوونکـــــە ئـــــەوان ژیـــــانی هاوســـــەرگیریان پێـــــک هێنـــابوو، خـــاوەنی مـــاڵی تایبـــەت بە خۆیـــان بـــوون، ناوبەناوە بۆ سەردان دەهاتن بۆلامان .

ماڵـــــە بچووکەکـــــەمان زۆر قەرەبـــــەڵاغ دەبـــــوو بـــــەهۆی دەنـــگ و هـــارو هـــاجی منـــداڵی براکـــانم، دوو خووشـــــکەکەی تریشـــــم ئـــــەوانیش خـــــاوەنی مـــاڵ و منـــداڵ بـــوون. یـــەکێک لـــە خووشـــکەکانم چەنـــدین جـــار هـــەوڵیان دا، بۆئـــەوەی منـــداڵێکیان بێـــت بـــەڵام هـــیچ منـــداڵێکیان بـــە قســـمەت نـــەدەبوو ، بـــەڵام ئـــەوان زۆر بەختـــەوەر بـــوون بۆخۆیـــان، لـــە بنەڕەتـــدا کێشـــەکە لەخووشـــکم دابـــوو، کـــەچی زاوەکـــەمان لـــەلای خـــەڵکی کێشـــەی منـــداڵ نەبوونەکـــەیان دەخســـتە ئەســـتۆی خۆیـــەوە ، کـــە

گوایە زاوەکەمان لەبنەڕەتەوە کەسێکی نەزۆکە
. چوونکە ئەو خووشکەکەمی زۆر خۆش
دەویست و هەمیشە ئامادەبوو لەپێناو
خووشکەکەم هەموو شتێک بکات ، ئەو
زاوایەمان پیاوێکی هەتا بڵێی رۆشنبیر بوو،
منیش ئەو جۆرە پیاوانەم زۆر خۆش دەوێت
کە ڕێز لە خێزانەکانیان دەگرن و بەبەختەوەری
بۆخۆیان دەژین. خووشکەکەی تریشم ئەوان
بڕیاریان دابوو کە درەنگ منداڵیان ببێت.

ئیتر من و برایەکەی ترم بەتەنیا لەگەڵ دایک
و باوکم دەژیان ، هەرچەندە کاتی خۆی
،ماڵێک هاتبوونە داوام بۆ کوڕەکەییان بەڵام
باوکم ڕەتی کردوە کە من بدات بەو کوڕە.
.منیش خۆم ئارەزووم لێ نەبوو کە

هاوسەرگیری بکەم لەگەڵ ئەو کوڕەدا ، چوونکە کوڕێکی باش نەبوو، زۆریش دواکەوتوو دیاربوو.

***

لەهەمانکاتیشدا من ئەوکات لەسەرەتای ژیانی هەرزەکاری دابووم ، هەروەها خاوەنی چەندین خەونی گەورەتر بووم بۆ داهاتووی خۆم، نەک چوونە ناو ژیانی هاسەرگیریەوە، بەڵام زۆرجاران چارەنووس یاری بە خەونی مرۆڤەکان دا دەکات و ژیانیان بەرەو ئاراستەیەکی تر دەبات کە هەرگیز چاوەڕێی ناکەین. هەندێک کەسی دواکەوتوو فامی ئەو شتانە ناکەن، تەنیا وادەزانن کە کچەکە تۆزێک

بەخۆیەوە هاتبێت ، دەبێت هاوسەرگیری بکات و بڕواتە ماڵی خۆی ، ئەوکات من لە قۆناغی سێی ناوەندی دەمخوێند ، کەچی بەشێک لەهاوڕێکانم دەستینیشان کرابوون لەو تەمەنە بچووکەیانەوە، بەلاّم خێزانەکەی من لەو جۆرە خێزانانە نەبوون کە کچەکانی خۆیان لەتەمەنێکی بچووک وبە زۆر بیانخەنە نێو ژیانی هاوسەرگیریەوە.

دوو خووشکە گەورەکەم تەمەنیان گەیشتە بیست و پێنج ساڵ ئەو کات چوونە ناو ژیانی هاوسەرگیریەوە,چوونکە لە راستیداباوکی من پیاوێکی زۆر رۆشنبیر بوو کە هیچ کاتێک دڵی کچەکانی خۆی نەدەشکاند و بەردەوام وەکو قەلایەک لەپشتمان وەستابوو. هەروەها

دایکیشـــمان وەکـــو چرایـــەک وابـــوو بۆمـــان بـــۆ ڕوونـــاک کردنـــەوەی ڕێگـــا تاریکـــەکانمان، بـــەڵام ئیتـــر ئـــەو چرایـــەی ژیانمـــان کوژرایـــەوە بـــۆ هـــەتا هـــەتایی. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا مـــن یـــەکێک بـــووم لـــە قوتابیـــــــــە زیرەکـــــــــەکانی قوتابخانەکـــــــــەم هەمووساڵێک بەپلەی نایاب دەردەچووم.

زۆر بـــەئاواتی ئـــەوە بـــووم کـــە لـــە داهـــاتوودا بـــبم بـــــــە ڕۆژنامـــــــەنووس یـــــــاخود پەیکـــــــەرتاش بەتایبـــــــەتیش زۆر ئـــــــارەزووی پەیکەرتاشـــــــیم دەکـــرد کـــە هونـــەرێکی زۆر جـــوان بـــوو بەلامـــەوە . ئـــــەوکات ، لەماڵـــــەوە زۆربـــــەی کاتـــــەکانم قـــــوڕم دەهێنـــاو هەنـــدێ پێداویســـتی تریشـــم ، لەگـــەڵی هێنـــا پەیکـــــەری جـــــوان دروســـــت دەکـــــرد، بەتایبـــــــەتی پەیکـــــــەری هونەرمەنـــــــدەکان و

کەسایەتیەکانم زۆر درووست دەکرد ، وەکو نانسی عەجرەم و کازم ساهیر و عەلی وەردی ، وە هەروەها پەیکەری فەرهاد پیربالیشم درووست کردبوو، کەزۆر سەرسام بووم بەکەسایەتی ئەو پیاوە گەورەیە، کە رۆژێکیان لەرێگای زاوەکەمانەوە بوو چەند کتێبێکی ئەوی بۆمن هێنا و منیش هەموویانم خوێندەوە، بەبیرم ماوە کە من ئەوکات تەمەنم چواردەسالان بوو کە کتێبەکانی فەرهادپیربالم خوێندەوە، هەرچەندە لەراستیدا من لەتەمەنی دوازدەسالانەوە، خۆشەویستیم بۆ خوێندنەوە درووست ببوو کە ئیتر وای لێهات خویندنەوە بووە هاوڕێی ژیانم. بەلام کتێبەکانی فەرها پیربال بەزمانی کوردی نووسرابوون منیش

لەزمانی کوردی تێدەگەیشتم و زۆریش بەلامەوە شیرین بوو زمانی کوردی، چوونکە لە بنەڕەتەوە دایکم کورد بوو.

چێژێکی تایبەتیم ، لە کتێبەکانی ئەو نووسەرە بینی ، لەبنەڕەتدا ئەو پیاوە یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی نەتەوەی کورد کە خەڵکی ئەربیلە (هەولێر) . ئێمەش کاتی خۆی چەند جارێک بەشێوەی خێزانی سەردانی ئەربیلمان کردبوو کە شارێکی زۆر جوانە بەلامەوە. بەڵام کەچی خۆم ئێستا لەم شارەدام بەبێ کەسی تێدا دەسووڕێمەوە. ژیانێکی زۆر ئاڵۆزە کەچی

زۆرجـــار ئـــارەزووی پێکـــەنین دەکـــەم بـــەخۆم و بەم ژیانە .

کـــازمی بـــرام لـــەنێومان دا  تاقانـــەبوو ، چوونکـــە تـــەنیا ئـــەو  لـــە قوتابخانـــە  نەیدەخوێنـــد، لـــە نێـــو بـــازار  کـــاری ئـــازادی دەکـــرد، کـــوڕێکی زۆر بـــە کێشـــە بـــوو بـــەردەوام شـــەڕی دەکـــرد و کێشـــەی بـــۆ ئێمـــەی دەهێنایـــەوە، بـــەڵام لەســـەر ئـــەو هەمووشـــتانەوە ئێمـــە زۆر خۆشـــمان دەویســـت بەتایبـــەتی مـــن ، چوونکـــە هەرشـــتێکم داوا بکردبایـــە ڕاســـتەوخۆ بـــۆمی دەکـــرد بـــێ ئـــەوەی دڵی خووشکە بچووکەکەی لەخۆی زویر بکات.

دوو براکـــەی تـــرم مامۆســـتای بنـــەڕەتی بـــوون کـــە هـــەردووکیان لـــە یـــەک قوتابخانـــە وانـــەیان

دەوتـــــەوە، لەگـــــەڵ  دوو خووشـــــکەکەی تریشـــــم یـــــەکێکیان پەرســــتار بــــوو ، ئـــــەوی تریشــــیان فەرمـــانبەری بانـــک بـــوو . بەکورتیەکـــەی ژیانمـــان زۆر خـــۆش بـــوو هــــەموو ڕۆژێکمـــان خەنـــدە و پێکەنین و ئاسایی بەڕێ دەکرد.

کـــــــوڕێکی دراوســـــــێمان هـــــــەبوو لەشـــــــارەکەی خۆمـــــان، نــــاوی ســـــامی بــــوو کــــوڕێکی بـــاش و کەشـــــخەبوو لـــــەخێزانێکی بـــــەڕێز بـــوو، ســـــاڵانێکی زۆر دراوســــێمان بـــوون، هــــەروەها دایکـــــم ، لەگەڵ دایکـــــی ســـــامی وەکــــو خووشـــــک وابـــوون بـــــۆ یەکتری، کە  زۆر هاتووچۆی یەکتریان دەکرد.

چـــل و پـــێن خـــووله به دیـــار قســـەکانی ئیســـراوه تاســـام ، پـــێم گـــوت : ئەگەر ڕاســـتەوخۆ باســـی نـــاوەڕۆکی چیـــڕۆکەکەت بکەیـــت ، ئەوا بـــۆ هەردووکمـــان باشـــتر دەبێـــت ، بەتـــایبەتی بـــۆ خـــۆت باشترە.

- ئیسرای چاوشین گوتی : زۆرباشە

***

لـــە ڕاســـتیدا نەمـــدەزانی چـــۆن ڕوویـــداو! بـــۆچی ئـــەو ڕووداوانـــە ڕووبـــەڕومان بوونـــەوە، هەرئەوەنـــدەم زانـــی ، بـــە چـــاو تروکانێـــک ســـەرجەم خۆشـــیەکانمـــان بـــوون بە کـــاغەزێکی خۆلەمێش.

ســـــالّی ٢٠١٤بـــوو، شـــــارێکی گـــــەورەو ئـــــارام ، لـــــەژیانێکی ئاســـــایی ڕۆژانەی خۆیـــدا گـــۆڕا ، بـــۆ شـــارێکی وێرانکـــەر، کـــە ژیـــانی تێیـــدا بـــووە دۆزەخ بۆمـــان ، بـــەبێ ئـــەوەی هۆکـــاری هـــەڵگیرســـانی ئەو دۆزەخە بزانین.

لە پەنجەرەکـــــــەی ســــــــەربانمانەوە ســــــــەیری دەرەوەم دەکـــرد بینـــیم کۆمـــەڵێک چەکـــداری جلـــک ڕەش ، وە ڕیشـــــێکی زۆر درێژیـــــان هەبـــوو ، بـــە ئۆتۆمبیـــــل دەســـــوڕانەوە بـــــەناو گەڕەکەکەمانـــدا ، بـــەڵام بـــاوکم لـــە دەرەوە بـــوو لـــە پەنجەرەکـــەوە بینـــیم بـــە خـــۆی وعەلاگەکـــانی دەســـتی بـــە ڕاکـــردن دەهاتـــەوە بـــۆ ماڵـــەوە . کاتێـــک نێزیکـــی ماڵـــەوە بـــوو ڕاســـتەوخۆ بـــاوکم لـــەپیش دەرگاکـــە کەوتـــە

زەوی خـــــوێنێکی زۆری لـــــێ بـــــەردبوو، ئەو بـــــێ ویژدانانە ،چەند فیشەکێکیان بەباوکمەوە نابوو

پەنجەرەکـــــەم کـــــردەوە قیژانـــــدم و بـــــانگی بـــــاوکم دەکـــــرد، بـــــەڵام هـــــیچ دەنگـــــی نـــــەبوو، چەنـــــد چەکـــــدارێک باوکمیـــــان خســـــتە نێـــــو ئۆتـــــۆمبیلێکی بلندـــــدەوە لەگـــــەڵ خۆیـــــان بردیـــــان ، پاشـــــانیش چەنـــــد چەکـــــدارێکی تـــــر لـــــە ئۆتۆمبیلەکـــــەیان هاتنـــــە خـــــوارەوە هـــــەڵیان کوتایـــــە ســـــەر مـــــاڵی ئێمـــــە و چەنـــــد مـــــاڵێکی تـــــری گەڕەکەکـــــەمان. منـــــیش ئـــــەو رۆژە تـــــەنیا گوێبیســـــتی دەنگـــــی قیـــــژەو هـــــاوار بوومەوە لە نهۆمی خوارەی ماڵەکەمان.

لەترسـان خـۆم تـەڕ کردبـوو، نـەمتوانی بڕۆمـە خـوارەوە ، زۆر ترسـام. دوو چەکـدار خۆیـان بەژوورەکـەی منـدا کـردوو، بـەناو ژوورەکـەم دا گـەڕان وەکـو ئـەوە وابـوو ، کـە هەسـتیان کردبێـت کەسـێکی تـر لەماڵـەوە هەیـە. بـەڵام مـن بەهـەموو شـێوەیەک هەناسـەدان لەخـۆم قەدەغەکردبـوو، بۆ ئەوەی هەستم پێ نەکەن.

لـەپاش چەنـد خولـەکێک دەنگـی هـاوار و نـاڵە نـاڵ ، لـەنێو ماڵەکـەی ئێمـە کۆتـایی هـات . وەکـو ئـەوە وابـوو چەکـدارەکان ڕۆیشـتبن و منـیش دڵـم زۆر خـۆش بـوو کـە چەکـدارەکان ڕۆیشـتن، وازیـان لـە خێزانەکـەمیان هێنـا.لـەژێر قەروێـلەکەم هەسـتامەوەو بـەرەو خـوارەو ڕۆیشـتم ، بـەڵام

خۆزگە نەڕۆیشتبامە خوارەوە چوونکە ماڵەکەمان نغرۆی خوێن کرابوو.

لاشەی دایکم بەلایەکەوە کەوتبوو، هەروەها کازمی براشم لەپێش دەرگای چێشتخانەی ماڵەوەمان لەناو خوێندا خووسابوو، یەکێک لە خوشکەکانم بۆ سەردان هاتبوو بۆلامان، بەڵام ئەویان لەگەڵ خۆیان بردبوو . نەمدەزانی کە ئەم چەکدارانە چیان لەئێمە دەویست و بۆچی هاتبوونە شارەکەمان! لەهەمان کاتیشدا دووبراکەی ترم و خووشکەکەی ترم ئەوانیش هیچ دەنگێکیان نەبوو لەو ڕۆژەوە ، ئیتر بێ هیوابوومە لەگەڕانەوەی کەسە ئازیزەکانی خۆم.

ناخم پڕبوو لەگریان و هاوار، نەمتوانی ئەو هاوارەی نێو ناخەم هەڵیڕژێنم بەڵکو هەموویم لە کووچێکی دڵم هێشتۆتەوە.

چووم بەرەو لای دەرگای حەوشەکەمان بینیم دەرگاکەمان بەڕەنگی خوێن داپۆشرابوو، لەکونی دەرگای حەوشەوە سەیری بارودۆخی دەرەوەم دەکرد بەڵام هیچ باش نەبوو، گەڕەک جمەی دەهات لە سەیارەی چەکدارەکان و لاشەیەکی زۆر بەناو گەڕەکمان کەوتبوو، منیش لە ترسان نەمدەوێرا بڕۆمە دەرەوە، چوونکە دەمزانی چارەنووسی منیش لەوان خراپتر دەبێت.

تاکـــــه ڕێگــــا کەبــــه مێشــــکم داهــــات لــــەو ڕۆژە ڕەشـــەدا، ئـــەوە بـــوو کـــە لەســـەر بـــانی ماڵمانـــەوە بڕۆمـــە مـــاڵی لـــەیلای هـــاوڕێیم و هـــاوپۆلم، لەســـەر بـــانی مـــاڵی لایـــلاوە، تەماشـــای مـــاڵی ســـامیم دەکـــرد ، دەنگـــی هـــیچ کەســـێک نەهـــات، ماڵەکـــەیان کـــش ومـــات بـــوو، منـــیش زۆر بیـــری ســـامیم دەکـــرد نەمدەزانی چی بەسەر هاتووە .

هـــــەموو ئـــــەو خـــــەون و خەیاڵانـــــەم هـــــەبوو لەبەرامبـــــەر ســـــامی دا ، هـــــەموویان بوونـــــە خـــۆلەمێش، بـــەڵام لـــەناو دڵـــی خۆمـــەوە هەمیشـــە هـــەولم دەدا دڵنـــەوایی ئازارەکـــانی خـــۆم بدەمـــەوە، چوونکـــە ئازارەکـــانی مـــن تـــەنیا بـــە مـــردنم کۆتـــایی دێت.

پاش ئەوەی کە خۆم خستە ماڵی لەیلای هاوڕێم، بینیم دەنگی هیچ کەسێک نایەت وەکو ئەوە وابوو کە چەکدارەکان ئەوانیشیان بردبێت، بەڵام دەرگای چێشتخانەکەیان لەناکاو کرایەوە، لەیلا هاوڕێم بە دەنگێکی زۆر سستەوە، منی بانگی ژوورەوە کرد، منیش چوومە ژوورەوە تەنیا خۆی و برا بچووکەکەی بەتەنها لەماڵە بوون.

- بەلەیلام گوت: ئەی دایک و باوکت لەکوێن؟

- لەیلاش وتی: دایکم و باوکم لەماڵەوە نین ئەوان لەدەرەوەن بەڵام تاوەکو ئێستا دەنگوباسیان نیە نەگەڕاونەتەوە .

لەیلای هاوڕێم ئەو رۆژە زۆردەترسا کە دایک و باوکی شتێکیان بەسەرهاتبێت، بەڵام دەمزانی کەهەمان چارەنووسی خێزانەکەی منیان هەیە. ڕزگار بوون لەم دۆزەخە ئەستەمە.

- ئەویش بەمنی گوت: ئەی تۆ بۆچی هاتوویت بۆ لای من؟ ئەی خێزانەکەت لە کوێن؟

- منیش بە گریانەوە وەڵامی لەیلام دایەوە گوتم: دایکم و باوکم و برا بچووکەکەم ، هەموویان لەناو ماڵی خۆیان ، خەڵتانی خوێن کران. خوشکەکە گەورەکەیشم چەکدارە جلک رەشەکان لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ شوێنێکی نامۆ.

ئەو رۆژە تەنیا کەس کە مابوو پشتی پێ ببەستم ، لەیلای هاوڕێم بوو، لەیلای هاوڕێم بەچاوەکانی خۆی سامی بینیبوو،کەلەلاین چەکدارەکانەوە لەماڵەکەی خۆیان لەگەڵ دایک و باوکی و دوو خووشەکەی سواری ئۆتۆمبیلی چەکدارەکان کرابوون.

هیچ ڕێگایەکمان لەپێش نەبوو، هەموو چوار دەورمان گیرابوو، بۆیە گریان هیچ سوودی نەبوو لەنێو ئەم دۆزەخەدا، ئەو رۆژە فرمێسکەکانمان لەسەر ڕووخسارمان سڕیەوە ، لەنێو دڵماندا هەڵمانگرتەوە بۆ هەتا هەتایە.

بیرمان لەوە دەکردەوە کە چۆن ڕزگارمان بێت، ڕزگاربوون لەنێو ئەو دۆزەخە کارێکی

ئاسان نەبوو بۆ دوو کچی تازە پێگەیشتوو، شەو داهات و خۆر لە ئاسمان ماڵئاوایی کرد ، من  و لەیلای هاوڕێم و براکەی لەماڵەوە بەبێ دەنگی دانیشتبووین زۆریش برسیمان بوو.

لەیلای هاوڕێم لە نێو تەلاجەکەی ماڵیاندا هەندێک ماست و پەنیرو زەیتوونی لێ بوو ، هەرسێکمان بەبێ دانیشتین  بەسەر پێوە خواردنەکەمان خوارد و لەپاشان بڕیاری چوونە دەرەوەمان دا، چەند لەوێ بماباینەوە ئەگەری زیاتر هەبوو کە بکەوینە دەستی چەکدارەکان، کاتژمێر نۆ و سی خوولەک بوو، جموجۆڵی ئۆتۆمبیلی چەکدارەکان بەرەو کەم بوونە دەڕۆیشت لەناو گەڕەکەکەمان، بەڵام گوێبیستی دەنگی تەقەیەکی زۆر بووین، ئێمەش

دەرگـــــای پشـــــتەوەمان کـــــردەوە، بـــــە ڕاکـــــردن خۆمان بەرەو سەری گەڕەک گەیاند.

ڕاکـــــردن هـــــیچ ســـــوودێکی نـــــەبوو، لـــــەناکاودا لەســـــەری ڕێگـــــا ئۆتۆمبیلێـــــک لەپێشـــــمان وەســـــتا، کۆمـــــەڵێک چەکـــــداری جلـــــک ڕەش هاتنـــــە خـــــوارەوە ، شـــــتێکیان خســـــتە لای دەمانـــــەوە ئیتـــــر نـــــەمانزانی ئەوکاتـــــە چـــــی ڕوویـــــدابوو ، چیمـــــان بەســـــەر هـــــاتبوو، ئێمـــــەیان بـــــەرەو کـــــوێ بردبـــــوو هـــــیچ شتێکم نەدەزانی.!!!

کاتێـــک چـــاوم کـــردەوە بینـــیم لـــە نـــاو کۆمـــەڵێک کچـــی گـــەنج دابـــووم، لـــەیلای هاوڕێشـــم لـــە تەنیشـــتمەوە بـــوو، لەگـــەڵ کۆمـــەڵێک کچـــی هـــاو تەمـــەنی خـــۆم و هەنـــدێکیانیش لـــە مـــن گـــەورەتر

دیـــار بـــوون. ســـەرەتا نـــەمان زانـــی ئێـــرە کوێیـــە؟ بـــەڵام بـــەبیـــرم دێـــت کچێـــک هاتـــە لامـــان گـــوتی: بـــەیانیتان بـــاش بـــەخێربێن کچینـــە بـــۆ (ســـوریا) مـــن ناوم مریەمە .

منـــیش بەمریـــەمم گـــوت: ســـوریا کوێیـــە؟ بـــۆچی هـــاتووین بـــۆئێرە؟ مریـــەمیش وەڵامـــی منـــی دایـــەوەو پێـــی گـــوتم: شـــوێنێکی دوورە لەشـــارەکەی خۆتـــان، دەزانـــم ئێـــوە لـــە موســـڵەوە هـــاتوون، بـــەڵام ئێـــرە ســـوریایە ئـــەو وڵاتـــەی کـــە بووە گۆڕستانێک بۆ خەڵکەکەی.

مریـــەم بـــە مـــن و لـــەیلای گـــوت: زۆربـــەی کچـــەکان دەهێننـــە ئـــەم شـــوێنەو لەپاشـــان وەکـــو کاڵایـــەک دەیـــان فرۆشـــنەوە بـــە دەورووبـــەری خۆیـــان دا ،

وە هەروەها بەبیرمە کە وتی: ڕزگار بوون لێرە زۆر مەحالە، چوونکە ئێمە هەموومان لێرە وەکو دەسکەوتی جەنگ دەست بەسەر کراوین. دەبێت خزمەتی ئەو چەکدارانە بکەین بەبێ دەربڕینی هیچ جۆرە ناڕەزایەتیەک لەبەرامبەریان دا، لە راستی دا منیش تێنەگەیشتم لە مەبەستەکەی مریەم کە چۆن و بەچ شێوازێک خزمەتی ئەو چەکدارانە بکەین ؟!

ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی منی دایەوە وتی: بێگومان تۆ نوێی ، نازانی ، بەڵام فێر دەبیت چۆن خزمەتیان بکەیت ، بە قوربان دەبێت جەستەی خۆت وەکو پارچە گۆشتێک بخەیتە ژێر دەستی ئەو گورگانە، بەتایبەتیش گورگە

گەورەکانیان، ئەگەر تۆی بەدڵ بێت، ئەوە دەبیتە هی ئەو بۆ هەتا هەتایە. بۆ خۆی بەردەوام چێژت لێ دەبینێت و هەموو داواکاریەکانیشت جێ بەجێ دەکات ، واتە دەبیتە شاژنی بچکۆلە بۆخۆت.

بەڵام هەر نارەزایەتیەک دەرببڕی لەبەرامبەر گەورەکەیان، یاخود جەستەی تۆی بەدڵ نەبێت بۆ تێرکردنی ناوگەڵی، ئەوە ڕاستەوخۆ فڕێت دەداتە بەر کۆمەڵێک گورگی پیسی بۆگەنەوە ، کە بە ئارەزووی خۆیان هەرچیەکیان بوێ لە جەستەت دەکەن.

تۆ ئەوان ناناسی کچی جوان ، ئەم کچانەی ئێرە، هەمووی ئەو ئازارەیان چەشتووە بە دەستی ئەو دڕندانەوە. من هەرگیز وشەی مرۆڤ بۆ ئەو چەکدارانەم بەکارنەهێناوە، چوونکە هیچ هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ بوونیان پێوە دیار نییە. شەوان بەهۆی دەنگی قیژەی هاوڕێکانمانەوە ئێمە لە تاو ئازاری جەستەیانەوە خەو لەچاوەکانمان حەرام کرابوو، هەموومان لێرە ئاوات بە مەرگی خۆمان دەخوازین.

لەپاشان تێگەیشتم لە قسەکانی مریەم، کە بۆچی ئێمەیان لێرە گرتووە، بۆ ئەوەی وەکو کاڵایەک بەکارمان بهێنن و بە ئارەزووی خۆیان کاری سێکسمان لەگەڵ دا بکەن. ئەوانە مرۆڤانێکی زۆر دڕەندە بوون .

کچێکی بچووک لەنێو ژوورەکەمان دابوو، لەسەرەتای تەمەنی هەرزەکاری دابوو ، بەڵام ئەو دووگیان بوو ، واتە دووگیانیان کردبوو ئەوەندە لەگەڵی جووت ببوون.

من و لەیلای هاوڕێم باوەشمان بەیکتر کرد و دڵنەوایی یەکترمان دایەوە ، من ئەو رۆژە زۆر ڕقم لە کچ بوونی خۆم دەکردەوە ، هەموو چرکەیەک چاوەڕێی مەرگی خۆم دەکرد، نەک

بکەومــە ژێــر چنگــی ئــەو ئاژەڵانــەوە بــە ئــارەزووی خۆیان یاری بەجەستەو ناو گەڵم دا بکەن.

پرســیارم لــە مریــەم کــردو پــێم گــوت: تــۆ چەنێکــە لێــرەی؟ مریــەمیش بــە گریانــەوە وەڵامــی دامــەوەو وتـــی: ماوەیـــەکی زۆرە لێـــرەم ، بـــەڵام بـــەبیرم نایەتــەوە کــەی هــاتم بــۆ ئــەم شــوێنە، ژیــانی منیــان فەوتانـــد ئـــەم ئاژەڵانـــە, هـــەموو شـــەوێکم لـــە باوەشـــی یـــەکێکیان دا مـــن شـــەوەکەم تێدەپەڕانـــد . ئـــەو دڕندانـــە بـــەئارەزووی خۆیـــان چێژیـــان لـــە جەســتەی مــن دەبینــی، هــەمووژیانی کچێتــی منیــان وێران کرد ئەو چەکدارانە.

جارێکیان ویستم لە ژێر دەستیان هەڵبێم ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، دووبارە منیان دەستگیر کردەوە، بە سێ نەفەرەوە کەوتنەگیانمەوە بە ئارەزووی خۆیان سێکسیان لەگەڵ مندا کرد. ئەو دڕندانە بەوەوە تێر نەبوون لە ئازاردانی ئەندامەکانی جەستەم،کەچی جگارەکانی دەمیان، بە هەردوو مەمکەکانی من کوژاندیانەوە کە زۆر ئازاری هەبوو.

لەسەرووی هەموو ئەو رووداوانەی کە بەسەرم داهاتووە، توانیومە هەتا ئێستا بەرگە بگرم، باوەڕم پێبکە ئیسرا هەموو شەوێک لەناو ئازاری خۆم دا نغرۆدەبم، هیچ کەسێک گوێ لەدەنگی من و هاوڕێکانم نەبوو، جیهان

لەئاستی ئێمەدا بێ دەنگ بوون، پێش ئەوەی کە تۆو هاوڕێکەت بێن بۆئەم شوێنەنەفرەتیە، کچێکی هاوڕێمان هەبوو ئەو تەمەنی 16 ساڵان بوو شەویکیان کۆمەڵێک چەکدار پەلەماریان داو ئەویش نەیتوانی بەرگەی ئەو پەلەماردانە بگرێت، دوایی گیانی لە دەست دا.

ئەو کچێکی زۆر جوان و ژیر بوو، ئەگەر هەڵە نەبم خەڵکی شەنگال بوو ناویشی (جاندان) بوو ، بەداخەوە بووە قوربانی دەستی ئەم دڕندانە ، بەڵام هیوادارم ئیسرا گیان تۆو هاوڕێکەت ئەم ئازارەی ئێمە نەبینن.

قسەکانی مریەم منی زۆر ترساند ، لەگەڵ ئەوەشدا تووشی دڵە ڕاوکێی کردم، لەدڵی

خۆمـــەوە گـــوتم: دەبێـــت منـــیش خـــۆم بـــۆ ئـــەو کـــارە قێزەونانـــــە ئامادەبکـــــەم، لـــــەژیانم هـــــیچ کەســــێک دەســــتی بــــۆمن نــــەبردووە، بــــە ئــــارەزووی خــــۆی چێـــژم لـــێ ببینێـــت ، تاکەکـــەس لـــەم ژیانـــەدا کـــە ڕێگـــەم دەدا بـــە ئـــارەزووی خـــۆی دەســـتم بـــۆ ببـــات ئـــەویش تـــەنیا ســـامیەکەی مـــن بـــوو. زۆر ئەســـتەمە بهـــێڵم کـــــە بـــــە ئاســـــانی جەســـــتەم بکەوێتـــــە ژێـــــر دەســــتی ئـــــەم چەکدارانـــــەوە ئەگـــــەر باجەکەیشـــــی مـــــردن بووبێـــــت, زۆر بـــــە ســـــەربەرزیەوە ئامـــــادە بـــوەم بـــۆ ئـــەو مردنـــە نـــەک وەکـــو کۆیلـــە بکەومـــە ژێر دەستی ئەم جلک ڕەشانەوە .

ئـــەو شـــەوە کاتێـــک خـــەریکی قســـەکردن بـــووین ، مـــن و لـــەیلاو مریـــەم بـــەڵام لـــەناکاو کۆمـــەڵێک چەکـــدار دەرگایـــان کـــردەوە خۆیـــان کـــرد بە

ژوورەوە ، قــــۆلی هەنــــدێ لــــە کچــــەکانیا گــــرت ویــــەک لەچەکــــدارەکان گــــوتی : ئێــــوە فرۆشــــراون ، نابێــــــت نارەزایــــــەتی دەرببــــــڕن لەبەرامبــــــەر کڕیارەکانتــــان ، ئــــەوان ئێوەیــــان بەدڵــــە حەزدەکــــەن کــــاتی خــــۆش لەگــــەڵ ئێــــوە بەســــەر ببــــەن، ئێــــوەش نابێــــت دڵیــــان بشــــکێنن، دەبێــــت ئــــەو موجاهیدانــــەی برامــــان دڵخــــۆش بکــــەن. ئــــەوان زۆر مانــــدوو دەبــــن لــــە بــــەرەکانی جــــەنگ دا لەگــــەڵ دووژمنــــانی خــــاک و دینمــــان دەجــــەنگن، بۆیــــە دەبێــــت ئێــــوە وەکــــو دەسکەوتی ئەم جەنگە ئەوان دڵخۆش بکەن.

لــــــەیلای هاوڕێشــــــم یــــــەکێک بــــــوو لــــــە کچــــــە فرۆشــــراوەکان ، کــــە بــــەزۆری ژێــــر قۆلیــــان گــــرت و بردیــــان بــــەڵام چــــارەنووس ئــــەمجارە لەگــــەڵ مــــن و مریــــــەم دا بــــوو کــــە نەفرۆشــــراین. لەهەمانکاتیشــــدا

چارەنووسی برا بچووکەکەی لەیلای هاوڕێم دیار نەبوو نەمدەزانی بەرەو کوێ بردویانە! بەڵام مریەم پێی گوتم: ئەوان منداڵەکان ڕاهێنانیان پێ دەکەن ، بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ جەنگ وجیهاد کردن لەپێناو ئەم ڕێکخراوە، ئەمە ڕێکخراوێکی تیرۆرستی مەترسیدارە لەژێر ناوی (داعش) کە تاکە ئامانجیشیان بەلای خۆیانەوە، بریتیە لە سەرخستنی ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی هەڵەدا. چوونکە هیچ کاتێک ئاین ناتوانرێت بەزۆری بەسەر خەڵکی دا بسەپێنرێت. ئەوانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن لەهەموو جۆرە ڕەوشتێکی ئاینی و مرۆڤبوونی خۆیان دەرچووبوون کە هەرگیز جێگای قبول نەبوون.

چارەنووس هەموو شتێکی پێچەوانە کردەوە ، بۆمن و مریەم و ئەو هاوڕێیانەی دیکە کە لەم ژوورەوە مانەوە، بەڵام لەیلای هاوڕێم چارەنووسێکی ڕەشی بەرکەوت ، نازانم بۆچی ئەوکەسانەی کە من زۆرم خۆشویستن هەموویان بەچاو تروکانێک هیچ کەسێک لەدەوروبەرم نەمان.

ئیتر ئەو ئێوارەیە ، هێرشێکی بەرفراوان کرایە سەر چەکدارە جلک ڕەشەکان دەنگی گولە و قومبەلەو چەندین شتی تر دەهات ، دەنگەکان ئەوەندە گەورە بوون گوێچکەکانمان زرینگەی لێوە دەهات ، بەڵام ئەمەش لەلایەکەوە بۆ ئێمە بووە خۆشی و ناخۆشی ، چوونکە خۆشیەکەی لەوە دابوو کە هەلێکی

گەورە لەپێشمان کرایەوە بۆ ئەوەی لێرە هەڵبێن. خۆمان بدەین بەدەستی هێزەکانی بەرگریکەر دژی ئەم تیرۆرستانە، بەڵام دیوە ناخۆشیەکەی لەوە دابوو کە هێرشەکە زۆر گەورە بوو، ئەگەری هەبوو بە فیشەک یاخود هاوەنێک گیانمان لەدەست بدایە چوونکە شەڕەکە زۆر بەهێز بوو فیشەک وەکو باران بەسەرمان دەبارییە خوارەوە. بەڵام گوێمان نەدایە هیچ شتێک و ئێمەش ڕامان کرد هەتا چەند توانامان هەبوو بەردەوام بووین لە ڕاکردن و ڕزگارکردنی گیانی خۆمان . ئەو ئێوارەیە دوو لە کچەکان و مریەم, بە فیشەکی چەکدارە جلک ڕەشەکان کوژران و کۆتایی بەسەرجەم به ئازارەکانیان هات.

ئیتـــر تـــەنیا مـــن ماومـــەوە بەتەنیـــا، منـــیش هـــەر بـــەردەوام بـــووم لـــە ڕاکـــردن هـــەتاوەکو ڕزگـــارم بێـــت لـــەم دۆزەخـــەدا ، ئەگـــەر بـــە مـــردنیش بێـــت ،چوونکـــە خـــۆی لەبنەڕەتـــدا ئێمـــە کەســـانێکی مـــردوو بـــووین لەوێ ، تـــەنیا جەســـتەمان زینـــدوو بـــوو، بـــەڵام دڵمـــان دەمێـــک بـــوو مردبـــوو. خۆزگـــە منـــیش وەکـــو مریـــەم و ئـــەو هاوڕێیانـــەی دیکـــە ، بەفیشەکێک کۆتایم پێ بهاتبایە.

لـــە کۆتـــایی دا تـــوانیم خـــۆم بگەینمـــە دەســـت کۆمـــەڵێک چەکـــداری دیـــکە، بـــەڵام ئـــەوان چەکـــداری خـــراپ نـــەبوون ، کۆمـــەڵێک چەکـــداری ئـــازادی خوازبـــوون، کـــە هـــاتبوون گیـــانی خۆیـــان فیـــدا بکـــەن لـــە پێنـــاو کۆتـــایی هـــاتن بـــەم چەکدارانـــە. ئـــەوان بـــە زمـــانی کـــوردی قســـەیان دەکـــرد، کۆمـــەڵێک

چەکداری کچ و کوڕی گەنج بوون کە بە گەریلا ناسرابوون، بەڵام من لەقسەکانیان تێگەیشتم چوونکە بەهۆی ئەوەی زۆر تێکەڵاو بوونم هەبوو لەگەڵ کوردەکان، زمانی کوردیشم بەلاوە جوان بوو کە توانیبووم خۆم فێری ئەو زمانە بکەم، هەردوو زاراوەکەی سۆرانی و بادینی، توانیم بە کوردی لەگەڵیان بکەومە قسەکردن و گفتگۆکردن.

ئەوان زۆر بەقارەمانانە شەڕیان دەکرد، یەکێک لە کچە شەڕڤانەکان کە لەتەنیشتی منەوە دانیشتبوو لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا ، ناوی جەیلان بوو، کچێکی چاورەشی جوان بوو ، خەڵکی دیاربەکر باکووری کوردستان بوو .

جـــەیلان خـــۆی لـــە ئیســـتەنبوڵ لـــە کـــۆلێژی پزیشـــکی خوێنـــدبووی، لەپاشـــان بـــەهۆی هەســـتی نـــە تەوایـــەتی بـــۆ گەلەکـــەی و ،ئـــەو ئازارانـــەی کـــە گەلەکـــەی دەیچێژێـــت بەدەســـتی داگیرکـــەرانی خاکەکەیـــەوە ، ئیتـــر ئەمـــەش وای لـــە جـــەیلان کردبـــوو کـــەبڕیاری چوونـــە شـــاخەکان بـــدات، شـــان بەشانی خووشک و برایەکانی دیکەی .

زیـــاتر لەچەنـــد کاتژمێرێـــک بـــوو ئێمـــە بـــەڕێوە بـــووین ، بـــەڵام لـــەکۆتایی دا گەیشـــتینە ســـەر ســـنور و گـــەریلاکان ئێمـــەیان بـــەجێ هێشـــت و کەوتینـــە دەســـت کۆمـــەڵێک هێـــزی تـــر کـــە ئـــەوانیش دووبـــارە بـــەکوردی قســـەیان دەکـــرد ، هێـــزی پێشـــمەرگە بـــوون هێزێکـــی زۆر قارەمـــان بـــوون، بـــەردەوام گوێبیســـتی ناویـــان دەبـــووین کـــە

هێزێکی چەندە قارەمان بوون لەبەرامبەر دووژمنان ، کەشان بەشان لەگەڵ هێزەکانی سووپای عێراق دا دەجەنگان لە دژی ئەم نامرۆڤانە.

ئەوانیش منیان خستە ناو کەمپێکەوە لەگەڵ کۆمەڵێک کچ و خێزانی دیکەدا ، بەڵام ژیان لەناو کەمپەکان زۆر بە ئازارتر بوو بۆمان، هەر کەمپێک زیاتر لە دوازدە بۆ پازدە کەسی تێدابوو ، هەموو ڕۆژێک وەکو مردن و زیندوو بونەوە وا بوو بۆمان لەناو ئەو کەمپانەدا. بەتایبەتی بۆ ئێمەی کچەکان کە بەردەوام ڕووبەڕوی ڕووداوی زۆر ناخۆش دەبووینەوە لەناو کەمپەکاندا.

هیچ یەکێک لەو ڕووداوانەی ، کەبەسەر مندا هات هەرگیز ئازارەکەی لەبیرم ناچێتەوە ، هەموو شەوێک کاتێک ئەو ڕووداوانە دێتەوە یادم زۆر ئازارم دەدات . ناتوانم لەیادیان بکەم بەتایبەتی مردنی دایکم، لەهەمانکاتیشدا زۆر بیری براکانم و خووشکەکانم و باوکم دەکەم . هیچ کەسم نەماوە، بەبێ کەسی دەسووڕێمەوە لەم شارەدا، هەرچەندە لەپاش چەند ساڵێک لەو ڕووداوە ناخۆشە کەبەسەر خەڵکی شارەکەم دا هات، بۆدواجار بەشێکیان گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حالە ڕووخاوەکەیان پاش ئازادکردنەوەی شارەکەمان.

پێش چەند رۆژێک لەمەوبەر ،پوورم تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی: کە گوایە هەموو هەوڵێکی

خـــۆی بـــۆم دەدات،تـــاوەکو بمباتـــە لای خـــۆی لـــە بەیرووت .

پـــوورە حەلیمەکـــەم ماڵیـــان لـــە بـــەیرووتـــە، ســـــاڵی٢٠١٢ مێردەکـــــەی بـــــە ڕووداوێکـــــی هـــاتووچۆ گیـــانی لـــە دەســـت دا ، لـــە ئێســـتادا تـــەنها خـــۆی و کچەکـــەی بەتـــەنیا لـــە شـــوقەیەک دەژیـــن ، ئـــــەوەی ئاگـــــەدارم کـــــە کچەکەیشـــــی تووشـــــی نەخۆشـــی شـــێرپەنجە هـــاتووە، ماوەیـــەک دەبێـــت لەنەخۆشخانە خەوێنراوە.

بۆیـــە ئێســـتا پـــوورم دەیـــەوێت مـــن بـــۆلای خـــۆی رابکێشـــێت بـــۆ ئـــەوەی وەکـــو کچـــی خـــۆی بـــەخێوم بکـــات ، بەتایبـــەتی لەکاتێکـــدا کـــە کچـــە تاقانەکـــەی ژیـــانی لەمەترســـی دایـــە، هیـــوادارم ئاســـیای کچـــە

پـــــــوورم چاکبێتـــــــەوەو دووبـــــــارە هەڵســــــێتەوە سەرپێ.

لێـــرەوە کۆتـــایی بەچیـــرۆکەم دەهێـــنم بـــاچیتر تـــۆ و خۆمیش ئازارنەدەم...

مـــن لە ئێســـتایە، لەیـــەکێک لـــە هۆتێلـــەکانی ئـــەم ناوچەیـــە بـــۆ خـــۆم کـــارێکم دۆزیەوەتـــەوە ، لەگـــەڵ کۆمـــەڵێک کچـــی دیکـــەدا ، تـــەنیا ویســـتم ئـــەو ئازارانەی ناو ناخی دڵم بۆتۆی باس بکەم .

-باشە بۆچی من ؟

چوونکـــە مـــن مـــاوەی مانگێکـــە زیـــاتر چـــاودێری تـــۆم کـــردووە، لـــە مەچکـــۆ و بەتایبـــەتیش ئەوکاتانـــەی کـــە دەهاتیـــت بـــۆ عـــەنکاوە ، چوونکـــە مـــن تـــۆم زۆر بینیـــوە لەعـــەنکاوە بەتایبـــەتی لـــە

پارکە گشتیەکەی ئەم ناوچەیە کە زۆربەی کات لەوێ بۆخۆت بەتەنیا دانیشتبووی ، بەڵام هیچ هەلێکم بۆ نەدەڕەخسا کە بێم بۆلات لەپارکەکەدا، چوونکە لەراستیدا نەمدەویست ئەو کەش و هەوا تایبەتەت لێ تێک بدەن کە لەپارکە گشتیەکە بۆخۆت درووستت کردبوو بەقەلەم و دەفتەرەکەی دەستەوە خەریکی نووسین بوویت بۆخۆت. بەڵام ئەمڕۆ توانیم تۆ لەم خواردنگەیە ببینم و رووبەرو لەگەڵت دابنیشم.

بەردەوام تۆم بینی کە زۆر جیاواز بوویت لە کەسانی تر ، چوونکە تۆ هەموو جارێک ڕۆژنامە و کتێب و دەفتەرت بەدەستەوە بوو، منیش هەربۆیە لەدڵی خۆمەوە گوتم: ئەو

کوڕە یان ڕۆژنامەنووسە یان نووسەر یان ئیتر شتێکی لەم جۆرانە. لەپێشتردا لە شارەکەی خۆمان من ئەو جۆرە کەسانەم وەکو تۆ دەناسی کە هاشێوەی تۆن بەردەوام شێوەیەکی جیاوازیان هەبوو، منیش زۆر پێیان سەرسام بووم ، بەبەردەوامیش کتێب یاخود رۆژنامە بەدەستیانەوەیە.

بۆیە منیش راستەوخۆ زانیم، تۆش لەوجۆرە کەسانەیەت کە دەتوانی گوێم بۆ بگری، بەبێ ئەوەی لەبەرامبەردا شتێکم لێ داوابکەی.

هەروەها تۆ زۆر بەکەسانی ڕۆشنبیر دەچیت نەک هەموو ڕۆشنبیرێک، چوونکە زۆر کەس تەنها ناویان لەخۆیان ناوە ڕۆشنبیر ،کەچی

هـــيچ ســـــيمایەکی ڕۆشـــــنبیری بوونیـــان پێـــوە دیـــار نیـــە ، بۆیـــە منـــیش چـــاوەڕێی دەرفـــەتێکم دەکـــرد بۆئـــــەوەی لەگـــــەڵ تـــــۆدا دابنیشـــــم و بکەومـــــە قسەکردنی ئازارەکانی ناو دڵم بۆ تۆ.

ئێســـتا وا هەســـت دەکـــەم بەشـــێک لـــەو ئازارانـــەم زۆر کـــــەم بووەتـــــەوە کـــــە تـــــوانیم لەگـــــەڵ تـــــۆدا دابەشی بکەم. تۆ کوڕێکی زۆر باشی .

خۆشـــبەختانە ئـــەم جـــارە کـــوڕێکی تـــرم ناســـی ، کـــە وەکـــو ســـامی نـــاخ و ڕووخســـاری پاکـــە کـــە تـــوانی گـــــوێ لـــــە هـــــەموو ئازارەکـــــانم بگرێـــــت ، بـــــەبێ ئـــەوەی یـــەک وشـــەت لـــە زمانتـــەوە بێتـــە دەرەوە یـــاخود بـــەبێ ئـــەوەی داوای هـــیچ شـــتێکم لـــێ

بکەی. تۆ توانیت کاتێکی زۆری خۆت بۆمن تەرخان بکەی، لەراستیدا من لەسەرەتادا ترسێکی بچووکم لە بەرامبەری تۆدا هەبوو، چوونکە دەترسام لەوەی کە تۆ لەبەرامبەر گوێگرتن لەو قسانەی من و کردنی بەچیرۆکێک بۆخۆت ، هەرچەندە لەوە دڵنیام کە تۆ ژیانی من دەکەیت بە چیرۆکێک لەڕێگای کتێبێکەوە یاخود رۆژنامەیەک . بەڵام ئەوەی کەدەترسام ئەوەبوو تۆداوای جووتبوونم لێ بکەیت .

ئەوەی بەناو مێشکم داهات لەبەرامبەری تۆدا، هۆکارەکەی بۆ ئەو چەند ساڵانەی ڕابردوو دەگەڕایەوە، کە لەژێر چنگی ئەودڕندانەبووم ،

بۆیە ئیتر وام زانی هەموو نێرێک داوای ، جووتبوونی بەزۆر دەکەن .

لە لەسەرەتادا من زۆر هەستم بەشەرمەزاری دەکرد ، کە باسی ئەو رۆژەی خۆمت بۆبکەم کە لەژێر چنگی ئەو دڕندانە من چ جۆرە ئازارێکم چەشتووە، منیش هەروەکو کچەکانی دیکە ناو ژوورەکە لە سووریا ، ئەو ئازارەم چەشتبوو بەڵام ئەوان زۆربەیان مردن و کۆتایی بە ئازارەکانیان هات.

هەموو کاتێک هەوڵ دەدەم ، کە ئەو ئازارانە لە یادی خۆمی بەرمەوە دووبارە دەست بەژیانێکی نوێتر بکەمەوە بۆخۆم ، وەکو هەموو کچێکی تر . هەوڵدەدەم بە زووترین

کات ئەم شوێنەش بەجێ بهێڵم و بڕۆم بەرەو لای پوورم.

دەمەوێت لەوێوە جارێکی تر ژیانێکی تر بۆخۆم درووست بکەمەوە، بەڵام من ئێستا دەبێت وێنەیەکی تۆ بگرم، چوونکە هەرکە گەیشتمە بەیرووت ، من راستەوخۆ پەیکەرێکی تایبەتی تۆ درووست دەکەم , دەیخەمە پاڵ پەیکەری خێزانەکەم و هاوڕێکانمەوە...

زیاتر لە چوار کاتژمێر بەدیار گوێگرتن لەچیرۆکێکی پڕ لەتراژیدی بووم، کە ناخی دڵمی پڕکردبوو لەگریان ، قسەکانی ئیسرا کارگەریەکی زۆری لەسەر ژیانم درووست کرد.

بۆ کۆتا جار ئیسرا دەستە نەرمەکانی خۆی بۆ دەستم درێژ کرد و پەنجەکانی خستە نێو پەنجەکانمەوەو، بە خەندەیەکەوە گوتی: زۆر سووپاست دەکەم بۆ هەموو شتێک تۆ مرۆڤێکی زۆر باشی ، هیوای سەرکەوتن وتەندروست باشیت بۆ دەخوازم . پارەی ئەم خواردنەش لە سەر ئەستۆی منە.

ئیسرا هەستایەوە سەرپێ ،وە پارەی خواردنەکەی بە کاژێری خواردنگەکەدا، ڕاستەوخۆ بە ڕووخسارێکی پڕ لە گریان رۆیشتە دەرەوەو منی لەوێ بەجێ هێشت . منیش هیچ هۆشم لەسەر خۆم نەما، راستەوخۆ داوای کاپەچینۆیەکم کرد هەتاوەکو بەهۆشی خۆم دا بێمەوە، لەگەڵ خواردنی کاپیچینۆکەدا

تەنیا بیر و هۆشم لەسەر ئیسرا مابوو ، کە نەمتوانی لەبیری بکەم، لەلایەکی ترەوە من ئەورۆژە، زۆر هەستم بە دڵتەنگی دەکرد کە نەمتوانی دەستەکانی ئەو کچە غەمبارە بگرم و بۆ هەتا هەتایە ئازارەکانی ناو دڵی لەگەڵ خۆم دابەش بکردبایە. لەسەرەتادا کاتێک چاوم کەوتە ناو چاوە شینەکانی ئیسرا من دەرگای خۆشەویستی دڵم بۆی کرایەوە، ئەو کچێکی زۆر جوان و تێگەیشتوودیار بوو، بەڵام ئەم ژیانە نەفرەتیە چارەنووسی کچێکی جوانی رەش کرد، منیش نەمتوانی ئەو رۆژە داوای خۆشەویستی لێ بکەم، وە بیکەمە هاوسەری ژیانم بۆ ئەوەی سەرجەم ئازارەکانی لەبیر ببەمەوە. لەپاش ئەو ڕۆژەوە بەدواوە ، من هیچ

ڕۆژێکـــــی دیکـــــە چاوەکـــــانم بـــــەنێو چاوەکـــــانی ئیسرا نەکەوتووە.

٢٠٢٠/٣/٢٨

هەولێر

## کچە پاشا و کوڕە گالیسکەکە

لە دێر زەمانەوە پاشایەکی گەورە هەبوو، خەڵکی زۆر خۆشیان دەویست، ئەم پاشایە پاشایەکی ڕاستگۆ و دادپەروەر بوو ، بۆ هەموو خەڵکەکەی خۆی. کە توانی ژیانی هەموو خەڵکی خۆشگوزەران بکات ، بە بێ ئەوەی هیچ جیاوازیەک لەنێوان خەڵکەکەی خۆی دا بکات .

بەهۆی ڕاستگۆی و دادپەروەری پاشا بۆ تەواوی خەڵکەکەی، ئەمەش وای کردبوو پاشا لەنێو خەڵکی زۆر خۆشەویست بێت ، کەبەشێکی خەڵکی ئامادە بوون لەپێناو پاشا گیانی خۆیان بەخت بکەن. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پاشا بەردەوام کەسێکی دەست کراوە و پاک بوو بۆ وڵاتەکەی ، هیچ کاتێک خیانەتی نەدەکرد لەو پەیمانەی کە بە هاوڵاتیەکانی خۆی دابوو.

پاشا نیگەران بوو کە بەردەوام دەیگوت : لە پاش من دەبێت کێ شوێنم بگرێتەوە کە لەسەر هەمان ئەو ڕێچکەیەی من بەردەوام بێت ، پاشا لە دڵی خۆیەوە دەیگوت ڕۆژێک

هەردەبێت، کەسێک لەمن باشتر هەڵبکەوێت بۆ خزمەتی تەواوی ئەم گەلە.

پاشا کچێکی جوان و تاقانەی هەبوو، کە بەردەوام پاشا بیری دەکردەوە لەوەی ئاخۆ دەبێت کچەکەی چ جۆرە کوڕێک بێتە نێو ژیانیەوە ، بۆ ئەوەی ژیانێکی جوان و ئارامی بۆ دابین بکات، رۆژێکیان کوڕی پاشایەکی گەورەی وڵاتێکی دیکە دێتە داوای کچی ئەم پاشایە، ڕاستەوخۆ کچی پاشا ڕەتی دەکاتەوە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم کوڕە پاشایە پێک بهێنێت، کچەی پاشا بەدەنگە ناسکەکەیەوە بە کوڕە پاشاکە دەڵێت: من تۆم خۆش ناوێت چوونکە تۆ کەسێکی خۆ بەگەورە زانیت، وە هەروەها دەزانم، کە تۆش منت خۆش ناوێت

، تـــــەنها لەبـــــەر ئـــــەوە دەتـــــەوێت لەگـــــەڵم هاوســـەرگیری بکـــەی، چوونکـــە مـــن کچـــی پاشـــام ، بـــۆ ئـــەوەی لـــە ڕێگـــای منـــەوە تـــۆ بتوانیـــت بـــە ئامانجەکانی خۆت بگەی .

لـــەپاش ئـــەو قســـانەی کچـــە پاشـــاوە، کـــوڕە پاشـــا هـــیچ قســـەیک ناکـــات و ملـــی خـــۆی شـــۆڕ دەکـــات و دەیـــــەوێت بـــــۆ کۆتـــــا جـــــار دەســـــتە جـــــوان و نەرمـــــەکانی کچـــــە پاشـــــا مـــــاچ بکـــــات ، بەزمانـــــە لوســـەکەی هەوڵـــدەدات کچـــە پاشـــا فریـــو بـــدات ، بـــۆ ئـــــەوەی ڕازی بێـــــت کـــــە هاوســـــەرگیری لەگـــــەڵ بکـــــات، بـــــەڵام کچـــــە پاشـــــا کچێکـــــی زۆرزان و تێگەیشـــــتووە ، راســـــتەوخۆ بـــــە کـــــورە پاشـــــاکە دەڵێـــت: لـــێم نزیـــک نەبیتـــەوە، داوات لـــێ دەکـــەم کـــە هـــەر ئێســـتا ئـــەم کۆشـــکە بـــە جـــێ بهێڵـــە، ئەگـــەرنا

بانگی پاسەوانەکان دەکەم بەشێوەیەکی زۆر ناشرین فڕێت بدەنە دەرەوەی کۆشک .

ئەم قسەیەی کچە پاشا ئازایەتیەکی زۆری دەویست ، کە بەقسەی ڕەق توانی وەڵامی کوڕی پاشای وڵاتێکی تر بداتەوە، کە ئەگەری هەبوو لەسەر ئەم قسانەی کچە پاشا جەنگ هەڵگیسرابایە لەنێوان، هەردوو پاشای وڵات. بەڵام هەرزوو کوڕە پاشا هەستی بەخۆی کرد کە چ جۆرە درۆزنێکی فێڵبازە ، ئیتر ملی خۆی شۆڕکردوو بە شەرمەزاریەوە گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

پاشــا بــەو هەڵســوکەوتەی کچەکــەی زۆر نیگــەران دەبێــت و پێــی دەڵێــت: کچــە تاقانەکــەی خــۆم تــۆ بــۆچی ئــەو کــوڕەت ڕەت کــردەوە؟! ئــەوە کــوڕی پاشــای وڵاتێکــی گەورەیــە، ئــەو تــۆی زۆر خــۆش دەوێــت، تــۆ بــۆچی ئــەوەت شــەرمەزار کــرد کچە تاقانەکەم؟

کچــە تاقانەکــەی پاشــا بــە بــاوکی خــۆی دەڵێــت: باوکــە ئــەو کــورە لــە نــاخی دڵیــەوە منــی خــۆش ناوێــت ، تــەنها خۆشەویســتیەکەی بــۆ مــن لــە کاتــە خۆشــەکانە ،بــەڵام هــەرکاتێک ناخۆشــیەک ڕووبــەڕووم ببێتــەوە ئــەو مــن فــڕێ دەداتــە کووچێکــەوە . هــەرکاتێکیش بگاتــە ئامانجەکــەی خــۆی ئیتــر مــن هــیچ بایــەخێکم لای ئــەو نامێنێــت , باوکــە گیــان. مــن ئــەو جــۆرە کوڕانــەم خــۆش

دەوێــــت ، کـــە خـــاوەنی دڵێکـــی پـــڕ لەخۆشەویســـتی و میهرەبـــانی بێـــت ، هەربۆیـــە باوکـــە گیـــان مـــن چـــاوەڕێی کوڕێــک لــەو جــۆرە دەکــەم کــە بێتــە نێــو ژیانمەوە.

پاشـــاش بـــە کچـــە تاقانەکـــەی خـــۆی دەڵێـــت: کچـــە تاقانەکـــەی خـــۆم ، تـــۆ باشـــتر لـــە ژیـــانی خـــۆت دەزانــی ، ئیتــر ئەمــە ژیــانی خۆتــە ،نــەک ژیــانی مــن، بۆیـــە تـــۆ سەربەســـتی لـــە هـــەڵبژاردنی ژیـــانێکی باش بۆخۆت.

بــەڵام کچــم لــە هــەمان کاتــدا منــیش بــاوکم تاکــە ئـــاواتی مـــن ئەوەیـــە کـــە پـــێش مـــردنم کچـــە جوانەکیلەکـــــەی خـــــۆم ببیـــــنم بـــــە دڵخۆشـــــیەوە ،چوونکــە تــۆ ئەمانــەتی، دایکــە جوانەکــەتی بــۆ مــن

، دایکـــت شـــاژنەکەی مـــن بـــوو ، مـــن بـــەڵێنم پـــێ دابـــــوو کـــــە زۆر بـــــەجوانی ئاگـــــەداری تـــــۆ بـــــم، هـــــەتاوەکو ئـــــەو ڕۆژەی تـــــۆ دەچیتـــــە لانکـــــەی بەختەوەریتەوە.

رۆژێکیـــان کچـــی پاشـــا ، بڕیـــار دەدات لـــە کۆشـــکە گەورەکـــــەی بڕواتـــــە دەرەوە ، بـــــۆ نـــــاو خـــــەڵکی شـــار، تـــاوەکو بزانێـــت لـــە دەرەوەی کۆشـــک ژیـــان چـــــۆن دەگوزەرێـــــت. لەهـــــەمان کاتیشـــــدا دوو پاســـەوانیش لەگـــەڵ کچـــە پاشـــا دەبـــن بـــۆ ئـــەوەی پارێزگـــاری لـــە ژیـــانی دا بکـــەن، بـــەڵام کچـــە پاشـــا پێویســـتی بـــە پاســـەوان نابێـــت ، چوونکـــە لـــە لای هـــــەموو خـــــەڵکی پاشـــــا و کچـــــە تاقانەکـــــەی زۆر خۆشەویســـــت بـــــوون، هەربۆیـــە خەڵکەکـــە خۆیـــان بـــوون بـــە پاســـەوانی کچـــە جوانەکـــەی پاشـــا. کچـــە

پاشا بەنێو بازاڕدا پیاسە دەکات ، تەماشای ئەم هەموو خەڵکە دەکات ،کە ژیانی ڕۆژانەیان زۆر بە ئاسایی  بەڕێدەکەن، کچە پاشاش لە نێو دڵی خۆیەوە دەڵێت: خۆزگە منیش وەکو ئەم هەمووخەڵکە بومایە بۆ خۆم ژیانێکی ئاساییم هەبوایە، نەک لەنێو کۆشکێکی گەورەدا ، ژیان بەڕێ بکەم، هیچ خۆشیەک لەنێو کۆشکە گەورەکەم نابینم.

کچە پاشا لەنێو بازاڕەکەدا، چاوی بە گالیسکەیەکی سوور دەکەوێت ، کە کۆمەڵێک گوڵی جوان و جۆراوجۆری لەسەرە،ئیتر خۆی لە گالیسکەکە نزیک دەکاتەوە ، سەیردەکات کوڕێکی قژ درێژ ، لە پشتەوەی گالیسکەکە دانیشتووە، خەریکی ڕێکخستنی کۆمەڵێک گوڵی

سـووره. کچـه پاشـاش بـانگی کـوڕه گالیسـکەکە دەکـات ، راسـتەوخۆ کـوڕه گالیسـکەکە سـەری بڵنـد دەکـات و چـاوی دەکەوێتـه نێـو چـاوی کچێکـی چـاو سـەوزەوە ، کچـه پاشـاش بـه بینینـی کـوڕە گالیسـکه بـزەیـەک بـەنێو جەسـتەی دا تاهـات ، کاتێـک چـاوی دەکەوێتـه نێـو چـاوە ڕەشـەکانی کـوڕە گالیسـکەکە,کچە پاشـا بـه چـاوە سـەوزەکەیەوە دەڕوانێتـه نێـو چـاوە ڕەشـەکانی کـوڕە گالیسـکەکەدا هـەروەها نیگـای خۆشەویسـتیەکەیان لـه چاوەکانیانـەوە دەسـت پێ دەکات.

-کـوڕە گالیسـکە تووشـی سـەر سـوڕمان دەبێـت و دەڵێـت: ئەمـه خەونـه یـاخود ڕاسـتییە ؟ تـۆ کچـه جوانەکەی پاشای؟

-کچـــــه پاشـــــاش وەڵامـــــی کـــــوڕەی گایســـــکەی دایـــەوەو پێـــی گـــوت: بـــەڵی مـــن کچـــەکەی پاشـــام، ئەم گالیسکەیە هی تۆیە؟

-کــــــوڕە گالیســــــکەکەش دەڵێــــــت: بــــــەڵی کچــــــه جوانەکــــەی پاشــــا ، ئــــەم گالیســــکەیە هــــی منــــە، ئەگــــەر ئــــارەزوو دەکــــەن بــــا پیاســــەیەک پێتــــان بکــــەم ، وە لەگــــــەڵ گــــــوڵێکی جــــــوانی ڕەنــــــگ ســــــووری سروشــــــتان پێشــــــکەش بکــــــەم . تــــــەواوی ئــــــەم گوڵانــــه بەدەســــتی خــــۆم ئامــــادەم کــــردووە، بۆیــــه ئێــــوە شــــایەنی گــــوڵێکی جــــوانن ، هەرچەنــــدە ئــــەم گوڵانــــەش لــــه ئاســــتی تــــۆدا نیــــە، ئێــــوە خۆتــــان پاشای هەموو گوڵەکانی نێو سرووشتن.

کچـــه پاشـــاش کـــەمێک بـــه قســـەیەی کـــوڕە گالیســـکەکە دەکەوێتـــه دڵـــەڕاوکێوە ، بـــەڵام بـــۆ دواجـــار کچـــه پاشـــا بڕیـــاری خـــۆی دەدات کـــه لەگـــەڵ کـــوڕە گالیســـکەکەدا ســـەر بکـــەوێ ، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ، کـــوڕە گالیســـکەکە دەســـتەیەک لـــه گـــوڵی ســـووری جـــوانی بـــۆن خۆشـــی، پێشـــکەش بـــه کچـــی پاشـــا کـــرد. لەهـــەمان کاتیشـــدا دانەیـــەک لـــه گوڵـــه ســـوورەکانی بـــه پرچـــەکانی کچـــه پاشـــاوە دانـــا، کـــه ئـــەوەش وەکـــو هێمـــای خۆشەویســـتی کـــورە گالیسکەکە بوو بۆ کچەی پاشا.

کـــوڕە گالیســـکە چـــاو ڕەشـــەکە دەســـتی خـــۆی درێـــژ دەکـــات بـــۆ کچـــه جوانەکـــەی پاشـــا بـــۆ ئـــەوەی بیخاتـــه ســـەر گالیســـکەکەی ، کچـــه پاشـــاش دەســـته جـــوان ونەرمەکـــەی خـــۆی پێشـــکەش بـــه کـــوڕە

گالیسکەکە دەکات، بۆ ئەوەی بیخاتە سەر گالیسکەی خەونەکانی. کچە پاشا لە نێو دڵی خۆیەوە ئەم گالیسکەیەی بە گالیسکەی خەونەکانی خۆی دەزانی ، ئیتر هەردووکیان سواری گالیسکە سوورەکە بوون ، کوڕە گالیسکەکە بە دوو قامچیەکەی دەستی لە ئەسپەکانی گالیسکەکەی وەشاندو گوتی: خێرا بڕۆن بەرەو نێو دارستانی خەونەکانم، با لەوێوە خەونەکانم ببێتە ڕاستیەکی باوەڕ پێ نەکراو.

ئەسپەکان بە خێراییەکی زۆرەوە کەوتنە جوڵەوە ، بەرەو نێو دارستانی خەونەکان هەنگاویان دەنا، بەڵام لەکاتی خێرایی ئەسپەکان بەرەو نێو دارستانی خەونەکان ، گالیسکەکە

کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدات ، لە ئەنجامدا کچە جوانەکەی پاشا لەسەر گالیسکەکە دەکەوێتە خوارەوە و قاچە جوان و نەرمەکەی کچە پاشا بریندار دەبێت . کوڕە گالیسکەکە گالیسکەکە دەوەستێنێت و خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە بۆ ئەوەی بەرەو فریای کچە پاشا بڕوات ، کاتێک بەرەولای دەڕوات دەبینێت خوێنێکی زۆر لە قاچە جوان وسپیەکەی کچە پاشا دەچۆڕێت ، هەرزوو کوڕە گالیسکەکە جلەکەی بەری خۆی بە قاچە بریندارەکەی کچە پاشا دەیبەستێتەوە ، تاوەکو خوێنەکەی بوەستێت.

کوڕە گالیسکەکە بە کچە تاقانەکەی پاشا دەڵێت: ئەی کچە جوانەکەی پاشا ، ئەی

خواوەنـــــدی جوانیــــــەکان، تـــــۆ وەکـــــو مانـــــگ و ئەســـــــــتێرەکان ڕووخســـــــــارتان دەدرەوشـــــــــێتەوە ، هـــەر لەیەکـــەم نیگـــای تـــۆدا ، کـــە چاوەکـــانم کەوتـــە نێـــو چاوەکانتـــــەوە ، دەرگـــــای خۆشەویســــتی دڵـــــم کرایـــەوە بـــۆ تـــۆ. بۆیـــە داوات لێـــت دەکـــەم ئـــەی خواوەنـــــدی جوانیـــــەکان ، تـــــۆ بێیتـــــە نێـــــو ئـــــەو دڵەمـــــــــەوە ، وە لـــــــە گـــــــەڵ خۆتـــــــدا دەرگـــــــای خۆشەویســـــــتیەکەی دڵـــــم کلیلـــــی خۆشەویســـــتی خـــۆتی لێبـــدەی بـــۆم ، بـــۆ ئـــەوەی هـــیچ کاتێـــک ئـــەو دەرگایـــە نەکرێتـــەوە. کچەپاشـــا بـــە قســـە جـــوان و ڕۆمانســــــییەکانی کـــــورە گالیســــــکەکە ، چاوەکــــــانی وەکو مانگ دەدرەوشایەوە.

کچەپاشـــا گـــوتی: مـــن لەیەکـــەم نیگـــاوە هـــەر کـــە تـــۆم بینـــی و چاوەکـــانم کەوتـــە نێـــو چاوەکانتـــەوە مـــن

کەوتمـــە نێــو دیلـــی خۆشەویســـتی تـــۆوه ، وه ئـــەو کاتـــەی کـــە دەســـتەکانی منـــت گـــرت ، منـــت خســـتە ســـەر گالیســـکەکەوه ، بـــۆ مـــن ئـــەم گالیســـکەیە بـــووه گالیســـکەی خەونـــەکانم . ســـالآنێکی زۆر چـــاوەڕێی کەســـێکی وەکـــو تـــۆم دەکـــرد کـــە دەســـتم بگرێـــت و بمباتـــە نـــاو دونیـــای خۆشەویســـتی خۆیـــەوه، تکایـــە ئـــەی کـــوڕە گالیســـکەکە وەرە نێـــو ئـــەم خەونـــەی منـــەوه بـــە ئاگـــام بێنـــەوه بـــە توونـــدی لە باوەشم دا بگرە.

کچە پاشا شپرزەیی بەسەر ڕووخسارەکانی دا دێت ، لەناکاو بە کوڕەی گالیسکەی خۆشەویستی دەڵێت : خۆشەویستەکەم هەر زوو بە گالیسکەکەت بمبەوە بۆ کۆشکەکەم، چوونکە زۆر دواکەوتم دەبێت هەرئێستا بگەڕێمەوە بۆ کۆشک ، ئەگەرنا باوکم تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت، لە دواکەوتنی من.

کوڕە گالیسکەکە بە گالیسکەی خەونەکانی کچە پاشا بەرەو کۆشکەکەی دەبات لە پاشان ، کوڕە گالیسکەکە دەگەڕێتەوە بۆ نێو ئەو دارستانەی کە بڕیاری دروستکردنی ئیمپڕاتۆریەتی خۆشەویستی، لەگەل کچە جوان و تاقانەکەی پاشای دەستپێکرد. کوڕەی گالیسکە لە سووچێکی دارستانەکەوه

دادەنیشێت و فرمێسکەکانی وەکو دڵۆپی باران لەنێو چاوەکانی دەبارێتە سەرزەوی, بەچاوی پڕ لەگریانەوە بە خۆی دەڵێت : من کێم؟ تاوەکو بڕیاری درووستکردنی ئیمپڕاتۆریەتی خۆشەویستی بدەم لەگەڵ کچە جوانەکەی پاشا، تەنیا کوڕە گالیسکەیەکی هەژاری جل دڕاوم کە تەنیا شەوان لە ژوورێکی تاریکی بچکۆلەدا خەوم لێ دەکەوێت ، کەچی دەمەوێ خۆم بکەم بە هاوسەری کچە جوانەکەی پاشا.

کوڕەی گالیسکە چۆکی بۆ خۆشەویستیەکەی نادات ، بە کالیسکەکەی دەکەوێتە ڕێ و بەرەو کۆشکی پاشا هەنگاو دەنێت و ، هەموو ڕاستیەکان بە پاشای گەورە بڵێت بە گالیسکەکەیەوە لە پێش دەرگای کۆشکی پاشا

دەوەســـــتێت و ئەســـــپەکانی گالیســـــکەکەی دەنگیـــــان هەڵـــــدەبرن و ڕاســـــتەوخۆ کچەپاشـــاش ، لــــە کۆتـــــا نهـــۆمی کۆشـــــکەوە ،گوێبیســــتی دەنگــــی گالیســـــکەی خەونەکانی دەبێت .

کـــــوڕەی گالیســـــکە دڵـــــە ڕاوکێیـــــەکی لــــە ڕادەبـــــەدەری بـــــۆ درووســــــت دەبێـــــت، بـــــەڵام هـــــیچ کاتێـــــک پەشـــــیمانی بـــــۆی درووســــــت نابێـــــت ، کـــــە لـــــەو خۆشەویســـــــتیەی بـــــۆ کچـــــەی پاشـــــا هەیـــــەتی، کـــــوڕەی گالیســـــکە لــــە نـــــاخی خۆیـــــەوە هەناســـــەیەکی ســـــارد دەداتـــــەوە و دەڵێـــــت: چـــــۆن لەســـــەرەتا مـــــن دڵـــــــە شــــــێتەکەی خـــــــۆم کـــــــردەوە بـــــــۆ ئـــــــەم خۆشەوســـتیە ، ئێســـتاش بـــێ منـــەتم لـــەوەی کـــە لـــە نێـــو ئـــەم کۆشـــکەدا پـــەتی ســـێدارەم لـــە مـــل بکرێـــت، لە پێناو خۆشەویستیەکەم بۆ کچی پاشا.

کـــوڕەی گالیســـکە هـــەنگاو بـــە هـــەنگاو نزیـــک دەبێتـــە وە لـــــە دەرگـــــا گەورەکـــــەی کۆشـــــک، کاتێـــک کـــــە نزیـــک دەبێتـــەوە لـــە دەرگـــای کۆشـــک دەبینێـــت لـــە پـــــــێش دەرگـــــــای کۆشـــــــکەکە ، دوو پاســـــــەوانی تایبـــەت لـــــە پـــــێش دەرگاکـــــە ڕاوەســـــتاون، کـــــوڕە گالیســــــــــکەکە لێیـــــــــان نزیـــــــــک دەبێتـــــــــەوە ، پاســـــــەوانەکانی پـــــێش دەرگاکـــــەش خۆیـــــان لـــــــە کـــــــوڕەی گالیســـــــکە نزیـــــک دەکەنـــــــەوە پێـــــی دەڵێن:بـــــــەخێربێیت چـــــــۆن دەتـــــــوانین یارمـــــــەتیت بـــدەین؟ کـــوڕەی گالیســـکە بـــە پاســـەوانەکان دەڵێـــت: مـــن دەمـــەوێت چـــاوم بـــە پاشـــا بکـــەوێت، بـــۆ ئـــەوەی هەنـــدێ قســـەی نێـــو نـــاخی دڵـــی خـــۆمی پـــێ بڵـــێم. چوونکـــــە نـــــاخم ئـــــازارێکی زۆری تێدایـــــە هەربۆیـــــە دەبێت ئەمڕۆ ئەم ئازارە کۆتایی پێ بێت.

پاسەوانەکانیش بە زەردەخەنەوە دەڵێن: پاشا هەموو کاتێک لە خزمەتی خەڵکەکەی خۆی دایە ، هەروەها پاشامان زۆر خۆشحال دەبێت کە تۆ قسەکانی نێو دڵی خۆتی پێ بڵێیت. ئیتر یەکێک لە پاسەوانەکان بەرەو کۆشک دەڕوات و هەواڵ دەگەیەنێت بە پاشا، کە کەسێک هاتووە دەیەوێت قسەکانی نێو دڵی خۆی بەپاشا بڵێت، کاتێک پاشا گوێبیستی ئەم هەواڵە دەبێتەوە کە کەسێک دەیەوێت قسەی نێو دڵی خۆی بە پاشاکەی ڕابگەیەنێت ، پاشا توشی سەر لێشێواوی دەبێت و ڕاستەوخۆ خۆی بەرەو دەرگای کۆشک دەڕوات و پێشوازی لە کوڕەی گالیسکە دەکات. کاتێک کوڕە

گالیسکەکە ، چاوی بە پاشا دەکەوێت، تەواوی جەستەی تووشی لەرزین دەبێت.

پاشا بە کوڕەی گالیسکە دەڵێت: بەخێربێت گەنجی قۆز ، فەرمووو هەنگاو بنێ بەرەو نێو کۆشکەکە، ئەم کۆشکە هەموو کاتێک بۆ خەڵکەکەم کراوەتەوە، چوونکە من ئەو کاتە هەست بە دڵ خۆشی دەکەم کە خەڵکەکەم بێن و داوایەکانی خۆیان بەمن ڕابگەیەنن. بوونی پاشایەتی من تەنیا بەهۆی ئێوەیە، ئەگەر ئێوەش منتان بە دڵ نەبێت ، من بۆ یەک چرکەساتیش لە نێو ئەم کۆشکە گەورەیە نازیم، یاخود هەست بکەم خەڵکەکەم لە دەرەوەی کۆشک شەوان لە ئازاری برسێتیەوە

سەردەنێنەوە ، من چۆن لێرەوە لە نێو ئەم کۆشکە گەورە زەبەلاحەدا ئاسوودە بم.

***

کوڕەی گالیسکە بە قسەکانی پاشا زۆر دڵخۆش دەبێت ، خەندە بەسەر ڕووخساری دا هەڵدەکەوێت ، بەڵام لەلایەکی ترەوە کوڕەی گالیسکە لە ناخی خۆیەوە غەمباریەک بۆی درووست دەبێت ، کە چۆن بە پاشا بڵێت .

کوڕەی گالیسکە بەرەو ژوورە شاهانەکەی پاشا بەڕێ دەکەوێت و پێشوازیەکی زۆر گەرمی لێ دەکەن ، لەسەر تەختێکی ئاڵتوونی تایبەت، لە ژوورەکەی پاشا دادەنیشێت ، لەگەڵ

چەندین خواردنی جۆراو جۆری لە پێش دادەنێن.

پاشا بە کوڕەی گالیسکە دەڵێت: چیت لە نێو ناخت دایە یاخود هەرشتێکت دەوێ بە بێ هیچ جۆرە ترسێک، پێمی بڵی بۆ ئەوەی من یارمەتیت بدەم، من پاشا و باوکی ئێوەم ، ئەرکیشم خزمەت کردنی ئێوەیە.

هەرکاتێک من خەڵکەکەی خۆم ببینم دڵیان خۆشە ، ئەوکات من هەست بە ئارامی خۆم دەکەم، بۆیە من وەکو پاشایەک تکات لێ دەکەم کە ئێستا هەرچیەکت هەیە بە پاشاکەی خۆتی بڵێ ، کوڕەی گالیسکە بە قسەکانی پاشا تووشی شپرزەیی دەبێت ، وە لە ئەنجامی

شـــپرزەیەکەی دا کـــورەی گالیســـکە ناچـــار دەبێـــت کــە ئیتــر دەســت بکــات بــە قســەکانی نێــو دڵــی خــۆی بۆ پاشا.

کــوڕەی گالیســکە بــە پاشــا دەڵێــت: ئــەی پاشــاکەم , ئــەی پاشــا هــەموو هــەژاران، تــۆ خێــرو بەرەکــەتی بــۆ هــەموو هــەژاران، هەربۆیــە مــن ئــەمڕۆم لێــرەم بــۆ ئــەوەی شــتێکت پــێ بڵــێم کــە هیــوادارم، دڵــە گەورەکـــەی ئێـــوەی پـــێ ئـــازار نەکێشـــێت، بـــەڵام ئەگــەر دڵتــانی بــە ئــازار گەیانــد ئێــوە ڕاســتەخۆ مــن لــە پــەتی ســێدارە بــدەن. چوونکــە مــن نامــەوێت کە تۆ دڵت بە قسەکانی من ئازار بکێشێت.

پاشا بە کوڕەی گالیسکە دەڵێت: هیچ کاتێک دڵم بە هیچ قسەیەکی خەڵکەکەی خۆم ناشکێت، بەڵکو دڵم پێی خۆش دەبێت.

کوڕەی گالیسکە: پاشا من خۆشەویستی دڵم کراوەتەوە بۆ کچەکەی ئێوە، هەر چرکەیەک بەبێ خۆشەویستی ئەو مردنێکە بۆمن، بۆیە تکات لێ دەکەم هەر تۆ دەتوانی ئەم دەرگایەی دڵم چارەسەر بکەیت، چوونکە هەموو چرکەیەک من ئازار دەکێشم بۆیە لێت، دەپاڕێمە کە تۆ بەم گەورەیی خۆتەوە کۆتایی بەم ئازارەی نێو دڵم بهێنیت.

پاشا هەڵدەستێتەوە سەرپێ دەڵێت: ئەی کوڕی جوان گوێم بۆ بگرە ئازاری خۆشەویستی ئەو

کاتە کۆتایی پێ دێت کە دوو خۆشەویستی چاوەڕوان کراو بەیەک دەگەن ، هێلانەی خۆشەویستیەکەیان لەسەر بنەمایەکی خۆشەویستی ڕاستەقینە پێکدەهێنن.

ئەوکاتە ئازارەکەیان وەکو سەهۆڵێک دەتوێتەوە ، چوونکە منیش ئەوکاتەی کە لە تەمەنی تۆدا بووم ئازاری خۆشەویستی، لە نێو دڵم دا هەڵگیسرابوو، بەڵام پاش ئەوەی کە ئیتر بەیەک گەیشتین ، ئازارەکەم بەرەو کۆتایی هات. بەڵام پاش چەندین ساڵ لە نێو ئەو هێلانە جوانەدا کە پڕبوو لەخۆشەویستی هەردووکمان بۆ یەکتر، بەڵام لە کۆتایی دا خۆشەویستەکەم ماڵئاوایی لێکردم بۆ هەتا هەتایی منی بەجێ هێشت، هەربۆیە منیش لە

چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەدام کە ماڵئاوایی لەم ژیانەدا بکەم، بۆ ئەوەی منیش بگەڕێمەوە بۆ لای خۆشەویستە تاقانەکەی خۆم کە ساڵانێکی زۆرە منی لەم کۆشکەدا بەتەنیایی بەجێ هێشتووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکە شتم بۆ مابێتەوە لە لایەن خۆشەویستەکەمەوە، ئەویش تەنیا کچە تاقانەکەمە، کە ئەو هەموو شتێکی منە لەم ژیانەدا، هەناسەی من تەنیا لە پێناو کچە تاقانەکەم دایە، هەربۆیە منیش ساڵانێک لە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەدا بووم کە کوڕێکی ئاشق ، بە شێوەیەکی شێتانە کچەکەی منی خۆشبوێت ، بتوانێت لانکەیەکی بەختەوەری بۆ کچە تاقانەکەم درووست بکات.

پاشا بانگی کچە جوانکیلەکەی دەکات و پێی دەڵێت: تاقانەکەم ئەوە گالیسکەی خەونەکەت هاتووە ، تاوەکو تۆ لەگەڵ خۆی ببات ، بۆیە دەست لەنێو دەستی یەکتر بنێن و خۆشەویستیە گەورەکەتان بنیات بنێن، وە هیچ کاتێک هەوڵی ڕووخانی نەدەن، چوونکە مرۆڤ بە خۆشەویستیەوە جوانە، گرنگ نیە کە ئێستا تۆ کێیت و کچەکەی من کێیە ، بەڵکو ئێوە لە کۆتایی دا دوو مرۆڤی یەکسانن لە بەرامبەر خۆشەویستی.

کوڕە گالیسکەی هەژار توانی بە خۆشەویستی کچەی پاشا بگات ، ماڵێکی پڕاو پڕ لە خۆشەویستی درووست بکات ،لەگەڵ ئەوەشدا پاشا بڕیاری دا گەورەترین ئاهەنگ بۆ ئەم دوو خۆشەویستە ساز بکات. هەروەها پاشا کۆتا قسەی خۆی بە کوڕەی گالیسکە دەڵێت: من تەنیا یەک کچم هەیە هیچ کوڕێکم نیە ، کە لە پاش خۆم دا تەختی پاشایەتی وەربگرێت ، بۆیە تۆ دەبێت لەپاش من ببیتە میراتگەری ئەم فەرمان ڕەوایەتیەی من. هیوام ئەوەیە کە بتوانیت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی ، تەواوی گەلەکەت بکەیت ، چوونکە ئەمەش دەبێتە بەشێک لە خۆشەویستیەکەی نێوانتان ، واتە دەبێت ئێوە

له سه‌ره‌تادا یه‌کترتان خۆشبوێت و له هه‌مانکاتیشدا خه‌ڵکیشتان خۆشبوێت و هه‌رگیز دڵیان نه‌ڕه‌نجێنن. ئه‌م دوو خۆشه‌ویسته توانیان به خه‌ونه‌کانیان بگه‌ن ، له‌گه‌ڵ یه‌کتردا درێژه به ژیان و هێلانه‌ی خۆشه‌ویستیه‌که‌یان دا بده‌ن .

له پاش تێپه‌ڕبوونی یه‌ک ساڵ به‌سه‌ر ئه‌م خۆشه‌ویستیه جوانه‌ی نێوانیان دا ، که‌چی کچه پاشا گریان به نێو چاوه‌کانی داده‌بارێت، به‌هۆی ئه‌وه‌ی که باوکی له ژووره‌که‌ی خۆیدایه و چاوه‌ڕێی چرکه ساته‌کانی ڕووح کێشانی خۆی ده‌کات . به‌ڵام پێش ئه‌وه‌ی پاشا گیانی خۆی بسپێرێت بانگی کچه تاقانه‌که‌ی و کوڕه‌ی گالیسکه ده‌کات، پێیان ده‌ڵێت: ئه‌ی دووگه‌نجی ئاشق له‌یه‌کتر نزیک ببنه‌وه و

دەســـتان بخەنـــە نێـــو دەســـتی یـــەکترو بـــۆ ئـــەوەی بـــۆ دواجـــار هەنـــدێ قســـەتان بـــۆ بکـــەم؛ مـــن ئـــەو پاشـــایە بـــووم کـــە ســـاڵانێکی زۆرە، فـــەرمانڕەوایی هـــەزاران خـــەڵکم دەکـــرد، کـــەچی ئێســـتا ســـەیری بـــارودۆخم بکـــەن لـــە کـــوچێکی ئـــەم کۆشـــکەدا کـــەوتووم ، نـــاتوانم هەســـتمەوە ســـەرپێیەکانم، بـــەڵام خـــۆ مـــن هـــەر چـــاوەڕێی ئـــەم ڕۆژەم دەکـــرد کـــە ئیتـــر بـــڕۆم لـــەم ژیانـــەدا ، چوونکـــە ئەمـــە ڕۆژێکـــە کـــە دەبێـــت هـــەموو کەســـێک لـــە ئێمـــە چاوەڕێی بکات..

بۆیـــە مـــن بـــە دڵخۆشـــی و ئاســـودەیی چـــاوەڕێی ڕووح کێشـــانەکەی خـــۆم دەکـــەم بـــەهۆی ئـــەوەی مـــن لـــەماوەی پیشـــەکەم کـــە پاشـــا بوومـــە ، توانیومـــە تـــەنها خزمـــەتی خەڵکەکـــەم بکـــەم، هـــیچ

کاتێکیش خیانەت و درۆم لەگەڵ هیچ یەکێک لە خەڵکەکەی خۆم نەکردوە، بۆیە ئێستا کە لەکاتی سەرە مەرگ دام زۆر ئاسوودەم و هیچ دڵتەنگ نیم.

بۆیە داواتان لێ دەکەم کە لە پاش من بتوانم ئەو میراتگریەی کە لە پاش خۆم بەجێی دەهێڵمەوە بۆتان ، بتوانن بە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بیبەن بە ڕێوە ، هیچ کاتێک کارێکی نابەجێ نەکەن کە ژیانی ئەو هەزاران خەڵکەی لە ژێر دەستانە ، ژیانیان لێ بکەن بە دۆزەخ ، چوونکە لە پاشان ناوتان دەکەوێتە نێو مێژووی ڕەشەوە ، هیچ کاتێکیش ویژدانتان ئاسوودە نابێت، هەربۆیە داواتان لێدەکەم کە لەپاش من ببنە خزمەتکاری تەواوی خەڵک .

کوڕە گالیسکەکە یەکەم وێستگەی خەونی ژیانی بریتی بوو لە گەیشتن بە دڵدارەکەی، کەچی لە پاشان گەیشتە تەختی پاشایەتی ، کە هیچ کاتێک لە خەونی خۆی دا شتی وای نەبینیبوو، بەڵام لە کۆتایی دا توانی هەردووکیان بەدەست بهێنێت . لەهەمان کاتیشدا هێلانەکەی خۆی لەگەڵ خۆشەویستەکەی زۆر بەشێوەیەکی جوان بونیات نابوو. .

ئیتر لەپاش کۆچی دوایی پاشاوە ناوی کوڕەی گالیسکە گۆڕا بۆ پاشا ، وە ناوی کچە پاشاش بوو بە شاژن ، کە ئیتر وێستگەیەکی گەورە لە ژیانی ئەم دوو جووتە خۆشەویستە دەستی پێکرد. جگە لەوەی کە ئەم دوو جووتە

خۆشەویستە خەریکی لانەی خۆشەویستیەکەیان بوون، کەچی لە هەمان کاتیشدا وەکو دوو جووتی فەرمانڕەوا دەرکەوتن کە توانیان، لە پاش کۆچی دوایی پاشای گەورەوە، هەمان ڕێچکەی پاشای گەورە بگرنە بەر ، بەردەوام بوون لە خۆشکردنی ژیانی خەڵکەکەیان.

ئەگەر چی وڵات لە ئاستێکی زۆر خوشگوزەرانی دابوو لە سایەی پاشا و شاژنەکەیەوە، بەڵام نەیاران و دووژمنان چاویان بەم خۆشیە هەڵنەدەبەرد ، هەربۆیە هە ستان لە هەر چوارلاوە هێرشی ئابووری و سەربازیان کردە سەر وڵاتە ئارامەکەی پاشا و شاژن، ئەمەش وای کرد ئەم وڵاتە ئارام و

خۆشگوزەرانە بکەوێتە لێواریکی مەترسیدار و ئالۆزەوە.

هەتا دەهات دووژمنەکان هێرشە جۆراوجۆرەکانیان فراوانترکرد، بەڵام کۆڵنەدانی پاشا و شاژنەکەی بووە هۆی ئەوەی ، کە وڵات و جەنگاوەرەکان بەهێزتر بن و بەشێوەیەکی زۆر توند، ڕووبەڕووی دووژمنەکانیان ببنەوە.

ئەگەر چی پاشا و شاژن لە نێو کۆشکێکی گەورەو زەبەلاحدا بۆخۆیان دەژیان، بەڵام ئیتر پاشا و شاژن ، ئەو دوو خۆشەویستە جوانە بڕیاریاندا کە کۆشکەیان و سەرجەم

ســــــامانەکەیان بخەنــــــە خزمـــــەتی وڵات و خـــــەڵک و جەنگاوەرەکان .

ئەمـــــــەش بـــــووە پاڵنـــــەرێکی بـــــەهێز ، لـــــــەڕووی ئابووریـــــــەوە ، چوونکـــــــە ئـــــــابووری وڵات لـــــــە لێـــــواریکی زۆر مەترســــیداردا بـــــوو، بـــــەڵام بـــــەهۆی ئـــــەوەی پاشـــــا و شـــــاژن بەرژەوەنـــــدی گشـــــتی پێیـــــان گرنگتـــــــر بـــــوو لـــــــە بەرژەوەندیـــــــە تایبەتیـــــــەکانی خۆیـــــان، کـــــە هەرچەنـــــدەش ئـــــەو دوو جووتـــــــە خۆشەویســـــتیە لەســــــەرەتای دروســــــکردنی ژیــــــانی تایبـــــــەتی خۆیـــــان دابـــــــوون، بـــــەڵام ســـــــەرجەم بەرژەوەندیــــــــــــە تایبەتیــــــــــــەکانی خۆیــــــــــــان و خۆشەویســـــتیەکەیان لـــــەپێناو خـــــەڵک و وڵاتەکـــــەیان خـــــــەرجکرد. کـــــــە ئەمـــــــەش ئامۆژگـــــــاری پاشـــــــای

گــەورە بــوو ، بــۆ پاشــا و شــاژن کــە پــێش ئــەوەی کۆچی دوایی بکات.

بـــەم شـــێوەیە وڵات زیـــاتر بـــۆ مـــاوەی، بیســـت و هەشـــت ســـاڵ لـــە جـــەنگ دا بـــوو لەگـــەل وڵاتـــانی دەوروبـــەری خۆیـــدا ، ئەگـــەر چـــی لـــەماوەی ئـــەم چەنـــــدین ســـــاڵەدا بـــــە هـــــەزاران جـــــەنگاوەری قارەمـــان کـــوژران ، بـــەڵام لـــە کۆتـــایی دا خـــوێنی جـــــەنگاوەرەکان بـــــە فیـــــڕۆ نـــــەچوو . چوونکـــــە جـــارێکی تـــر وڵات گەڕایـــەوە بـــۆ بـــاری ئاســـایی و خۆشـــــگوزەرانی خـــــۆی و دوژمنـــــانیش تـــــەنیا سەرشۆڕیان بۆ مایەوە .

لـــە کۆتـــایی دا دووبـــارە وڵات وەکـــو خـــۆی بنیـــاد نرایـــــەوە و ، ســـــەرجەم دامودەزگاکـــــانی وڵات

وەکو جاری جاران کار و ژیانی ئاسایی خەڵک وەکو خۆی دستی پێ کردەوە, ئەگەر چی پاشا و شاژنیش بۆماوەی بیست و هەشت ساڵ ڕۆلێکی گەورەیان بینی بۆ کۆتایی هاتنی ئەم جەنگە گەورەیە کە بەرۆکی وڵاتەکەیانی گرتبوو ، کە هەرچەندەیش بیست و هەشت ساڵ تەمەنێکی ئێجگار دوورو درێژبوو کە لەماوەی ئەم چەندین ساڵەدا پاشا و شاژن هیچ کاتێک چێژیان لەخۆشەویستیەکەیان نەبینی بوو، چوونکە گەورەترین خۆشەویستی لەبەردەمیان دابوو ،کە ئەویش پارێزگاریکردن لە وڵات و خەڵکەکەیان بوو.

لەماوی ئەم چەندین ساڵەدا تەواوی شتەکان گۆرابوون، وەکو کەش و هەوا دارستانەکان و شار و مرۆڤەکان، هەتاوەکو ڕووخساری پاشا و شاژنەکەیشی گۆڕانێکی گەورە بەسەر هاتبوو، دەمووچاوە جوان و نەرمەکەی شاژن کە بە جوانترین کچ ناسرابوو ، چرچو لۆچیەکی کاڵی لێ هەڵکەوتبوو.

بەهەمان شێوەش پاشاش ئەو گەنجە قۆزە هەژارە بوو ،کە پێش چەندین ساڵ دڵی خۆی پێشکەش بە شاژنەکەی کردبوو ،کەچی ئێستا پاشاش تەواوی ڕووخساری گۆڕدراوە لەگەڵ ئەوەشدا ڤژە جوان و درێژەکەی بەتەواوی هەڵوەریبوون. بەڵام ئەم هەموو گۆڕانە خێرایە بەسەر پاشا و شاژن هاتبوو کەچی کاری

نەکردبووە سەر خۆشەویستیەکەیان ، بەڵکو خۆشەویستیەکەیان زیاتر گەورەترو گەنجتر دەبوو.

ڕۆژێکیان پاشا و شاژن بڕیاردەدەن بەو گالیسکەیەی کە پێش چەندین ساڵ لەمەو پێش خۆشەویستیەکەیان تێدا درووست کرد، دووبارە پێی بگەڕێنەوە بۆ نێو  ئەو دارستانەی کە یەکەم دیداری خۆشەویستیان تێدا دەستی پێکرد، هەروەها پاشا گالیسکەکەی لە شوێنێکی زۆر تایبەت هەڵگرتبوو ، وە دوو پاسەوانی تایبەتیشی بۆی دانابوو کە بەردەوام خزمەتی گالیسکەکە بکەن. هەربۆیە بە درێژایی ئەو جەنگەی وڵات گالیسکەکەی پاشا سەلامەت

بـــوو، چوونكـــــە ئـــــەو گالیســـــكەیە گـــــەورەترین
بیرەوەری پاشایە لەگەڵ شاژنە تاقانەكەی.

ئیتـــــر بـــــە گالیســـــكەیانەوە دەكەونـــــە ڕێ بـــــەرەو
نێـــو دارســـــتانەكە ، بـــەڵام ئـــەو دارســـــتانە گـــۆڕانێكی
گـــــەورەی بەســـــەر دا هـــــاتبوو كـــــە وەكـــــو ئـــــەو
ســـــاڵانەی ڕابـــــردوو نـــــەبوو، كـــــە یەكـــــەم دیـــــداریان
تێـــــدا ئـــــەنجام دا ، بـــــەڵام هـــــەروەكو ڕۆژانـــــی
ڕابـــــردوو پیاســـــەیەك بـــــەنێو دارســـــتانەكەدا دەكـــــەن
و ، لـــــەناكاو , گوێبیســـــتی دەنگـــــی منـــــداڵێكی
بچـــــووك دەبنـــــەوە كـــــە بـــــە پەڕۆیـــــەكی ســـــپی
داپۆشـــــراوە، پاشـــــا گالیســـــكەكە دەوەســـــتێنێت و
دێنـــــە خـــــوارەوە بـــــۆ ئـــــەوەی بـــــزانن ئـــــەم منداڵـــــە
بچووكـــــە چـــــی دەكـــــات لێـــــرە ، كاتێـــــك لێـــــی نزیـــــك دە
بنـــــەوە دەبیـــــنن كچێكـــــی جـــــوانی چـــــاو ســـــەوزە

هەرزوو شاژن بە حەسرەتەوە دەیگریتە باوەشی خۆی و پێی دەڵێت: من تۆ دەکەمە کچی خۆم ، بە جوانترین شێوە بەخێوت دەکەین لەگەڵ باوکت، پاشاش دڵی خۆش دەبێت بە دۆزینەوەی ئەم منداڵە بچووکە هەربۆیە بڕیار دەدەن بیکەنە منداڵی خۆیان و بە جوانترین شێوە پەروەردەی بکەن.

٢٠٢٠/٢/٥

# نارڤین

ڕۆژێکیـــــان لـــــە گونـــــدێکی بچـــــووک دا ، کچێکـــــی جـــوان و شـــۆخ وشـــەنگ لـــە دایـــک دەبێـــت، ئـــەو کچـــە جـــوان و شـــۆخ شـــەنگەش نـــاوی نـــارڤین بـــوو، لـــە خێزانێکـــی ســـادەدا چاوەکـــانی بـــە ژیـــان هـــە ڵهێنا.

پیشـــەی دایـــک و بـــاوکی نـــارڤین ، تـــەنها بریتـــی بـــوو لـــە کشـــتوکاڵیکردن و بـــەخێوکردنی مـــە ڕومـــاڵات، لـــەنێو گوندەکـــەی خۆیانـــدا ، هاوشـــانی

گوندنشـــــینانی دیکــــەدا . دایـــک و بــــاوکی نــــارڤین دڵیــــان زۆر خـــۆش بـــوو بــــەوەی کــــە لــــەپاش چەنـــدین ســــاڵ لـــە نـــەبوونی منداڵێکـــدا، لـــەکۆتایی دا توانیان بە کچێکی جوان شادبن.

رۆژ بــــەدوای ڕۆژ تێپــــەڕدەبێـــت ، لەگــــەڵ تێپــــە ڕبـــوونی رۆژەکـــان و مانـــگ و ســــاڵەکان ، نــــارڤینی شـــــۆخ وشـــــەنگیش بــــەرەو گـــــەورەبوون دەڕوات ، نــــارڤین ڕۆژانــــە لەگـــەڵ منداڵـــەکانی گوندەکـــەیـــان یــــــاری دەکــــــات ، ســــــەرجەم ڕۆژە خۆشــــــەکانی تەمــــەنی منــــدالّی خــــۆی لـــەو گونـــدە بچوکـــەیـــان دا ، بەخۆشـــی دەباتـــە ســـەر ، لەگـــەل دایـــک و بـــاوکی و هاوڕێکانی .

زۆربـــەی جارەکـــان، نـــارقین بـــەرەو نـــاو مـــە ڕومـــاڵاتی گوندەکـــەیـــان دەڕۆیشـــت ، بـــۆ ئـــەوەی یارمـــەتی دایـــک و بـــاوکی بـــدات لـــە دۆشـــینی مانگـــا و بزنـــەکان، نـــارقین هەمـــوو ئـــاژەڵـــی گوندەکـــەی زۆر خـــۆش دەویســـت ، بـــە تایبـــەتی، مانگـــا ســـپیە قەلەوەکـــــەی نـــــاو گوندەکـــــەیـــــان ، کـــــە زۆری خۆشدەویست ، بەجوانی بەخێوی دەکرد.

کاتێـــک نـــارقین تەمـــەنی دەبێـــت بـــە شـــەش ســـاڵ ، ئیتـــر ژیـــانی خوێنـــدنی دەســـت پـــێ دەکـــات ، دەبێتـــە کچێکـــــی قوتـــــابی ، یەکـــــەم ڕۆژی قوتابیـــــەتی بـــــە جانتایـــەکی بچوکـــەوە ، لەگـــەڵ کۆمـــەڵێـــک دەفتـــەرو کتێبـــەوە، بـــە ڕوویـــەکی پـــڕ لـــە پێکەنیناوییـــەوە ،

ڕوو دەکاتە قوتابخانەی گوندەکەیان لەگەڵ هاوڕێکانی دا .

لەو ڕۆژەوە کە نارڤین دەبێتە قوتابی، بە بەردەوامی دەفتەرو کتێبەکانی دەکاتە خۆشەویسترین هاوڕێی خۆی، کە هەرگیز لێیان دانابڕێت و دەبێتە قوتابییەکی زیرەک و ئاقڵ ، هەمیشە گوێڕایەلی مامۆستاکانی خۆی دەبێت، هەروەها مامۆستاکانی نارڤین ، نارڤینیان زۆر خۆش دەوێت و بە قوتابیەکی سەرکەوتوو ژیر دایدەنێن، کە ئومێدی گەورە ی تێدا بەدی دەکەن لە داهاتوودا.

نـــارڤین ، لـــه پشـــوەکانی هاوینـــدا داوا، لـــه بـــاوکی دەکـــات کـــه بـــڕوات بـــۆ شـــارو کۆمـــەڵێـــک کتێبـــی جـــۆراو جـــۆری بـــۆ بهێنێـــت، بـــۆ ئـــەوەی لـــه پشـــــوەکەی هاوینـــــدا بـــــۆ خـــــۆی بیانخوێنێتـــــەوە، چوونکـــه ئـــەو کچێـــک بـــوو زۆر ئـــارەزووی لـــه خوێندنـــەوە دەکـــرد لەتـــەمـــەنێکی زۆر بچووکـــەوە .

لەگـــــەڵ ئەوەشـــــدا بـــــەردەوام پرســـــیاری زۆر دەکـــرد و، هـــەوڵی دەدا هـــەموو شـــتێک بزانێـــت ، هەربۆیـــه نـــارڤین جیـــاوازتر بـــوو لـــه ســـەرجەم منـــداڵەکانی دیکـــەی گوندەکـــەیـــدا ، منـــداڵەکانی دیـــکەی گونـــد ، تەنیـــا ســـەرقاڵی یـــاریکردن بـــوون . کەچـــــی نـــــارڤین ، کاتەکـــــانی ڕۆژانەی دابەش

کردبـــــوو ، بـــــۆ خوێنـــــدنەوە و یـــــاریکردن و گەڕان بەدوای شتی جیاوازدا.

ســـــاڵ لەدوای بەســـــاڵ تێپـــــەردەبێت ، تەمـــــەنی نـــــارڤینیش بـــــەرەو گـــــەورە بـــــوون دەروات، نـــــارڤین گـــەیشـــتە کۆتـــا قۆنـــاغی خوێنـــدنی، کـــە ئـــەم قۆناغـــە بـــۆ نـــارڤین بـــە دیـــاریکردنی داهـــاتوی دادەنرێـــت ، بـــــەڵام بـــــاوکی نـــــارڤین بـــــەهۆی نەخۆشـــــی شـــــێرپەنجەوە کـــــۆچی دوایـــــی دەکـــــات ، کچـــــە تاقانەکەی بەبێ ناز بەجێ دەهێڵێت .

ئـــــەم نەخۆشـــــیەی بـــــاوکی نـــــارڤین ســـــاڵانێکی دوورو درێـــــژ لەگـــــەڵـــــی دا ژیـــــاوە، کەتـــــەنها دایکـــــی نـــــارڤین بـــــە نەخۆشـــــیەکەی زانیـــــویەتی ، نـــــەیـــــان توانیوە کە بە کچە تاقانەکەیان بڵێن .

نارقین بۆ هەتا هەتایە ، بەبێ باوکی دەمێنێتەوە ، ئازارێکی گەورەی لە نێو دڵی دا درووست دەبێت، کە هیچ کاتێک ناتوانێت لە یادی بکات ، لەگەڵ ئەوەشدا باوکی نارقین ساڵانێکی زۆر ئومێدی ئەوەی هەبوو کە کچە تاقانەکەی ببێتە مامۆستا بۆ ئەوەی لە گوندەکەی خۆیان دا، وانە بە منداڵانی تری گوندەکە بڵێتەوە.

بەڵام نەخۆشیەکەی بووە بەربەستێکی ترسناک لەپێشی کە چیتر ، ڕێگەی پێ نەدا ئەو ڕۆژانە بە چاوەکانی خۆی ببینێت .، کە کچە تاقانەکەی دەبێت بە مامۆستای گوندەکەیان، تاوەکو ببێتە مامۆستایەکی نموونەیی بۆ قوتابییەکانی.

لە پاش کۆچی دوایی باوکی، ڕۆژانە نارڤین سەردانی سەر گۆڕی باوکی دەکات بە دیار گۆڕەکەیەوە فرمێسکی غەمباری خۆی هەڵدەڕێژێت نارڤین لەگەڵ فرمێسکەکانی دەست دەکات بەقسەکردن لەسەر گۆڕی باوکی دەڵێت:

باوکە گیان تۆ بۆچی منت بە تەنیا بەجێ هێشت من لە پاش تۆ چۆن بتوانم بژیم، نارڤین بەدەنگی بەرزەوە لە نێو گۆڕستانەکە هاوار دەکات هەتا ئەوکاتەی هەست بە ماندوبوونی خۆی دەکات. لەپاشان نارڤین ئەو هەستەی بەلاوە درووست دەبێت کە ئیتر ، گریان هیچ سوودێکی نیە ، بۆیە ڕاستەوخۆ نارڤین لەسەر گۆڕەکەی باوکی هەڵدەستێتەوە سەرپێ , پە یمانی پێدەدات کە ببێتە مامۆستا لە گوندەکەی

خۆیـــان، ئـــەم پـــەیمانـــەی نـــارڤین بـــە بـــاوکی لەســـەر گۆڕەکـــەی دا, وای کـــرد کـــە بـــاوکی لـــەنێو گۆڕەکـــە ی هەست بە ئارامی و دڵخۆشی بکات.

نـــــارڤین خێـــــرا بـــــەرەو ماڵـــــەوە دەکەوێتـــــەوە ڕێ کاتێـــک دەگاتـــەوە ماڵـــەوە بـــە دایکـــی دەڵێـــت: مـــن دەســـــت دەکـــــەم بـــــە ســـــەعی کردنەکـــــەی خـــــۆم ، هـــــەموو هـــــەوڵی خـــــۆم دەدەم بـــــۆ ئـــــەوەی ببمـــــە مامۆســـتا ، ئەمـــە ئـــاواتی بـــاوکم بـــوو بۆیـــە دەبێـــت ئاواتەکەی بەدی بهێنم.

دایکـــــی دڵـــــی بـــــە قســـــەکەی نـــــارڤینی کچـــــی زۆر خـــۆش بـــوو ، لـــە دڵـــی خۆیـــەوە گـــوتی: ســـووپاس بـــۆ تـــۆ خوایـــە گیـــان ، کـــە کچەکـــەم تـــوانی بگـــە

ڕێتەوە بۆ ژیانە ئاساییەکەی خۆیدا ،بیر لە داهاتووی خۆی بکاتەوە.

لە پاش هەوڵدانێکی زۆری نارڤین لە کۆتاییدا توانی نمرەیەکی باش بە دەست بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا توانی لە باشترین زانکۆی شاردا وەربگیرێت، باوکی نارڤینیش بە ئاواتەوە بوو کە ئەم رۆژە بەچاوەکانی خۆی ببینێت.

بەڵام ئەوەی کە زۆر جار ناهێڵێت ، مرۆڤەکان بە ئاواتیەوە بۆی بژین، ئەویش مەرگە کە ڕۆژێک دەست دەخاتە بینە قاقای هەموومانەوەو، سەرجەم ئاوات و هیواکانمان کۆتایی پێ دەهێنێت،

نارڤین بە هاتنەوەی ناوی لە زانکۆ زۆر دڵخۆش بوو, چوونکە لە داهاتوودا دەبێتە مامۆستای گوندەکەیان، بەڵام لەدوای کۆچی دوایی باوکی بارودۆخی داراییان خراپ بوو، کە ئەمەش کێشە بۆ خوێندنەکەی نارڤین درووست دەکات، بەڵام دایکی هەندێ پارەی کۆکردبووەوە ، بۆ ڕۆژانی لەم جۆرە دا لەگەڵ ئەوەشدا دایکی هەندێ لە زێرەکانی خۆیی پێدا ،بۆ ئەوەی بتوانێت بە هەر شێوەیەک بێت ئەمساڵی زانکۆکەی تەواو بکات. بۆ ساڵانی داهاتوویشی چارەسەرێکی تر بۆی دەدۆزێتەوە بە کارکردنی زیاتر . هەرچەندە نارڤین باوکی نەمابوو بەڵام گەورەترین کەسی لەژیان دا مابوو کە هەروەکو قەڵایەکی گەورە لە پشتی

کچە تاقانەکەی خۆی وەستابوو، تاکە دڵخۆشی دایک لەم دنیایەدا بینینی منداڵەکانیەتی بەدڵخۆشی و سەرکەوتنیان لە ژیان دا.

ئەم شەو لەم گوندەدا بۆ نارڤینی بێ ناز کۆتا شەویەتی هەربۆیە بۆ کۆتا شەوی لەگەڵ دایکی دەخەوێت, بۆ بەیانیەکەی هەڵدەستێت سەرجەم پێداویستیەکانی کۆدەکاتەوە ، پێش ئەوەی بڕوات بۆ شار سەردانی سەر گۆڕی باوکی دەکات کە بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ دەکات و تەنها پێی دەڵێت: تۆم خۆش دەوێت باوکە گیان من ،وا دەڕۆم بۆ شار بۆ ئەوەی ببم بە مامۆستا تۆ بۆخۆت لێرە بەئاسوودەیی بخەوە لەژێر ئەم خاکە.

نارڤین بەڕێ دەکەوێت بەیەکەم پاسی گوندەکەیان دەڕوات بەرەو شارێکی گەورە، لەنێو ئەو شارە گەورەو جەنجاڵەدا، نارڤین چاوی بە چەندین مرۆڤی جۆراوجۆردا دەکەوێت، لەگەڵ بینینی چەندان باڵەخانەی گەورە گەورەدا.

بە بینینی ئەم شارە گەورەیە نارڤین زۆر توشی سەرسوڕمان دەبێت، چوونکە بەشێکی تەمەنی نارڤین تەنها لە گوندێکی بچکۆلانەدا ژیانی بەسەر بردووە، هەربۆیە بەبینینی ئەم شارە گەورەیە بۆ نارڤین شوێنێکی نامۆ بوو.

بەڵام بەهۆی ئەوەی کە نارڤین کچێکی وریاو لەسەر خۆ بوو ، بەهیچ شێوەیەک خۆی لەنێو ئەم شارە گەورەیەدا نەشڵەژاند ، زۆر بەجوانی مامەڵەی دەکرد کە هەروەکو کچێکی شارنشینی توانی مامەڵە بکات ، لە نێو ئەم شارە گەورەیەدا.

نارڤین پاش چەندین پرسیارکردنی لە خەڵکی ئەم شارە گەورەیەدا لە کۆتاییەکەی دا توانی زانکۆکەی بدۆزێتەوەو ، کاروباری وەرگرتنەکەی تەواو بکاتن ، بەم شێوە نارڤین بووە قووتابیەکی زانکۆو هەروەها بووە خاوەن کەسایەتیەکی جیاوازتر.

نارڤین یەکەم ڕۆژی زانکۆی توانی بەشێوە یەکی ئارام تێپەڕێنێت، هەرچەندە شوێنەکەی بەلاوە جیاواز بوو بەتایبەتی قوتابییەکانی کە لە ڕووی جل و بەرگەوە، کە بە چەندین جلی جیاوازە دەردەکەوتن ، لە پێش چاوی نارڤین، بەهۆی ئەوەی نارڤین کچە لادێییەک بوو، کە پۆشینی جل و بەرگەکەی جیاواز بوو لەگەڵ ئەوانەی نێو ئەم شارەدا ، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا نارڤین لەگەڵ هەموو شتەکاندا توانی خۆی ڕابهێنێت ، زاڵ بێت بەسەر سەرجەم ئەو بەربەستانەی کە دەهاتنە پێشی.

نارڤین پاش کۆتایی وانەکانی لە زانکۆ گەڕایەوە بۆ نێو بەشە ناوخۆیەکەی کە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی دا پێکەوە لەو ژوورەدا

دەژیان، لە سەرەتا نارڤین هەستی بەتەنیایی کرد ، دواتر لەگەل هاوڕێکانی نێو بەشە ناوخۆیەکەی دا کەوتنە قسەو پیکەنینەوە کە ئیتر شەوەکەیان بە گاڵتەو پێکەنین دەبردە سەرەوە . هەروەها بەشێکی لەکتێبەکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

لەپاش ماوەیەکی زۆر دوورو درێژدا لە کۆتایی دا نارڤین توانی قۆناغی یەکەمی زانکۆی بە سەرکەوتویی تەواو بکاتن، هەروەها پێش ئەوەی بڕواتە بۆ گوندەکەی خۆیان مالئاوایی لە هاوڕێکانی کرد ولەگەڵ خۆیدا دیاریەکی

جـــوانی بـــۆ دایکـــی دەکڕێـــت , لەپاشـــانیش بـــەیەکـــەم پاس گەڕایەوە بۆ گوندەکەی  خۆیان.

کاتێـــــک نـــــارڤین دەگـــــەڕێتـــــەوە ، بـــــۆ ماڵـــــەوە دەبینێـــــت، دایکـــــی لەســـــەر زەوی پاڵکـــــەوتوەو خـــــە ڵکـــــی گوندەکـــــە لـــــە ماڵیـــــان کۆبوونوتـــــەوە بـــــە دیاریـــــەوە دانیشـــــتون، نـــــارڤینیش بـــــە شـــــپرزەییـــــەوە دەڕوات بـــــەرەو لای دایکـــــی و پێـــــی دەڵێـــــت: دایکـــــە گیان تۆ باشی؟

دایکیشـــــی دەڵێـــــت: هـــــیچ بـــــاش نـــــیم کچەکـــــەم ئـــــازارم زۆرە، نـــــارڤین دەیزانـــــی کـــــە دایکـــــی دەمێکـــــە نەخۆشـــــەو تەندروســـــتی نـــــاجێگیرە ، بەتایبـــــەتیش کـــــە بـــــۆ دواجـــــار پـــــەیوەنـــــدی بـــــۆ دایکـــــی کـــــرد کـــــە هەســـــتی دەکـــــرد دەنگـــــی زۆر بـــــەخراپی دێـــــت، بـــــەڵام

نەیدەویست کچەکەی تووشی غەمباری و دڵەراوکێ بکات.

نارڤینیش دەست دەکات بە گریان و بە دایکی دەڵێت: دایکە تۆش وەکو باوکم بەجێم نەهێڵیت تکایە، من تەنیا تۆم ماوە لەم ژیانە ، تاکە ڕێگا لەبەردەم نارڤین پاڕانەوەیە، داوا لە خوا دەکات دەڵێت: خوایە گیان دایکم چاک بکەوە هیچ شتێکی بەسەر دا نەیەت ، چوونکە تەنها هەر دایکم ماوە لەم ژیانە ، بۆیە ئەویشم لێ مەسێنەوە.

لە پاش چەندین ڕۆژ لەگەڵ ئەو ئازارەی کە دایکی نارڤین هەیبوو بۆ دواجار ماڵئاوایی

کــــردو، کچـــــە تاقانەکــــەی بــــە تــــەنیا بــــەجێ هێشــــت لــــەم ژیانــــەدا. ئیتــــر لێــــرەوە نــــارڤین دایــــک و بــــاوکی خــــۆی بــــۆ هــــەتا هەتایــــە لەدەســــتدا کــــە ئەمــــەش ئــــازارێکی گــــەورەی لــــە نێــــو دڵــــی نــــارڤین دروســــت کــــرد . پــــاش کــــۆچی دوایــــی بــــاوک و دایکــــی نــــارڤین، هــــیچ ڕێگــــەیــــەکی لــــەپێش نــــەمابوو کــــە ئیتــــر ناچــــاربوو خــــۆی کۆبکاتــــەوە و گوندەکــــەی بــــە جــــێ بهێڵێت.

بــــەرەو ئــــەو شــــارە گــــەورەیــــە بــــەڕێ کــــەوت ، کــــە خوێنــــدنی زانکۆکــــەی تێــــدا دەکات،بــــەڵام ئــــەوەی کــــە بــــۆ نــــارڤین زۆر ســــەختە لــــەم شــــارە گــــەورەیــــەدا ئــــەوەیــــە کــــە دەبێــــت هــــەموو شــــوێنێک بگــــەڕێــــت بــــۆ ئــــەوەی کــــارێکی دەســــت بکــــەوێت ، گــــەڕان بــــەدوای کــــار لــــەم شــــارەیــــە گــــەورەیــــەدا کــــەمێک

ئەستەم بوو ، بەلام نارڤین چۆکی نەداو بەردەوام بوو لە دۆزینەوی کارێک بۆ خۆی.

پاش گەڕانێکی زۆر بەنێو کووچە بە کووچەی ئەم شارەدا، بۆ دواجار توانی کارێکی پاک و خاوێن لە چێشتخانەیەکدا بدۆزێتەوە ، ڕۆژانەی خۆی پێوی دابین بکات ،لە ئێستادا نارڤین دوو ئەرکی گرنگی لەسەر شانە کە ئەویش خوێندنی زانکۆکەیەتی، بۆئەوەی بڕوانامەی مامۆستایەتیەکی بەدەست بهێنێت ، لەهەمان کاتیشدا کارکردنکەی لەنێو چێشتخانەکەدا ,.بەلام نارڤین نموونەی کچێکی ئازاو کۆڵنەدەر بوو کە هەرگیز چۆکی نەدا بۆ ئەو ڕووداوانەی کە ڕووبەرووی دەبوونەوە، هەر بۆیە توانی هەردووکی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەنجام

بـــدات ، بـــەبێ ئـــەوەی هەســـت بـــە مانـــدووبون بکات.

2019|7|10

**بۆیەکەم جار لە ماڵپەڕی خەندان بڵاوکراوەتەوە.**

## نهێنی کچێک له یەکەم شەوی بووکێنی دا

هـــەموو بـــەیانیـــانێکی زوو، لەگـــەڵ دەنگـــی قوقانـــدنی کـــەڵەبابـــەکان ، جـــیکە جیکـــی باڵنـــدەکانی ئاســـمان، ئـــارام بەدڵخۆشـــیەوە لەخـــەو هـــەڵدەســـتێت ،خـــۆی ئامـــادە دەکـــات ، بـــەڕێ دەکەوێـــت بـــۆ زانکـــۆ . ئـــارام زۆر دڵخۆشـــە کـــە توانیویـــەتی لـــە پـــاش هـــــەوڵ و مانـــــــدوبوونێکی زۆرو ســـــــەرەرای ســـەختی ژیـــانی هەژاریەکـــەی، بـــەڵام لـــە کۆتـــایی دا تـــــوانی بگاتـــــە قۆنـــــاغی زانکـــــۆو داهاتوویـــــەک بۆخۆی دابین بکات.

بۆچوونی ئارام ، دەربارەی بابەتەکان زۆر جیاوازتربوون لەکەسانی دەورووبەری خۆی دا ، بەتایبەتیش بۆچوونی سەبارەت بە ناوەندی زانکۆ زۆر جیاوازتر بوو ، ئارام پێی وابوو مامۆستاکانی زانکۆ تەنیا قوتابیان لە گۆشەیەکی بچووکی زانست و زانیاری دا کۆ دەکەنەوە، لەپاشانیش قوتابی بێزاربوونی خۆی لەو گۆشە بچووکەی زانست دا دەردەبڕێت، بۆیە لە کۆتایی دا ئەو قوتابیە، زانکۆ و زانستی لەپێش چاو ، هزریدا ناشرین دەبێت. ئەمەش بەهۆی ئەو هەڵەیەی مامۆستاکانی زانکۆ ،کە لەبەرامبەر قوتابیان ئەنجامی دەدەن، کە زۆرترین فشاری بێ بنەما لەسەریان درووست دەکەن.

بەڵام ئارام پێی وابوو کە دەبێت قووتابی خۆی لە زانکۆوە ڕێچکەیەکی زانستیانەی فراوان بگرنەبەر بۆخۆیان ، لەگەڵ ئەوەشدا دووربکەونەوە لەسەرجەم شتە لاوەکیەکانی ناو زانکۆدا. لەهەمان کاتیشدا ئارام هەمیشە پێشنیاری بۆ مامۆستایەکانی خۆی دەکرد کە چیتر قوتابیەکان بە مەلزەمەیەکی کرچ و کاڵ یاخود چەند شتێکی لاوەکی دا نەبستنەوە، بەڵکو دەبێت مامۆستاکانی زانکۆ قوتابیەکانیان ئازاد بکەن ، لەهەڵبژاردنی هەر جۆرە زانستێک ، بۆ ئەوەی سەرەنجام قوتابی زانکۆ، زانستیان بەلاوە خۆشەویست بێت و هیچ کاتێک بێزاربوونی خۆیان بەرامبەر زانکۆ نیشان نەدەن.

ئارام کورێکی لەسەرخۆ و زیرەک بوو ، کە بەردەوام ئارەزووی لە خوێندنەوەو فێربوونی زانست دەکرد، چوونکە ئارام پێی وابوو بەختەوەری مرۆڤەکان لە فێربوونی زانست و خوێندنەوەو شتی نوێ دایە. ئارام پێی وابوو مرۆڤەکان لە ئەمرۆدا ، لەسەدەیەکی زۆر جیاوازو نامۆدا دەژین، بۆیە بەلای ئارامەوە خوێندنەوە گرنگە، هەتاوەکو هەرتاکێک لە رێگای خوێندنەوە دەربازی بێت لەو نامۆبوونە ی کە تێی کەوتوە. هەرئەمەش وای کردبوو ئارام جیاوازتر بێت لە هاورێکانی زانکۆکەی، بەهۆی ئەوەی ئارام زۆربەی کاتەکانی لە زانکۆ لەپاش تەواو بوونی وانەکانی ،کە زۆرجار هیچ سوودێکی لەو وانانەی نەبینیبوو، کە لە

مـــاوەی ئـــەویەک کـــاتژمێرەدا ، چوونکـــە لـــە دیـــدی ئارامـــەوە ئـــەو وانانـــە تـــەنیا ، بـــە شـــتێکی لاوەکـــی تەماشـــای دەکـــرد، کـــە پێـــی وابـــوو کـــە ئەگـــەر پشـــتی خـــۆی بـــەو وانانـــە ببەســـتێت ئـــەوە داهاتوویـــەکی نادیار چاوەڕێی دەکات .

لـــــەپاش تـــــەواو بـــــوونی وانـــــەکان ، ئـــــارام ڕاســـــتەوخۆ بـــــەرەو نێـــو کتێبخانـــەی زانکۆکـــەی دا دەڕوات و لـــــەوێ دەســـــتبەجێ باوەشـــــێکی توونـــــد بـــــە کتێبـــــەکان دا دەکـــــات ، و لەگـــــەڵ کتێبـــــەکان گەشـــــتێک بـــــەنێو جیهـــــانێکی تـــــردا دەکـــــات کـــــە دووربێت لەم جیهانە قێزەونەدا.

لەهەمانکاتیشـــــدا ئـــــارام لـــــەیەکـــــەم قۆنـــــاغی زانکۆیـــەوە پـــەیوەنـــدی بەچەنـــد ماڵپـــەرو رۆژنامـــە

یەک دەکات ، کە تێیدا لەڕێگای ئەو ماڵپەرو ڕۆژنامانەوە ئارام وتارەکانی بۆخۆی بڵاودەکردەوە، کە بە بڵاوبوونەوەی وتارەکانی، هەستێکی تایبەت و چێژبەخشی بە ئارام دەبەخشی.

ئارام پێی وابوو قوتابی زانکۆ بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی خۆی ، لەنێو ئەم کتێبخانەیەوە دەتوانێت ببێت بە قوتابییەکی ئەکادیمیانە، بۆ داهاتووی خۆی و سوودگەیاندن بەدەورووبەرەکەی دا. بەپێچەوانەی ئارام، هاوڕێکانی زانکۆی تەواوی کاتەکانیان خەریکی ڕابواردن و پیاسەکردن و تەماشا کردنی کچی جوان بوون، لەناو کەمپی زانکۆدا.

ئارام گاڵتەی بەوجۆرە شتانە دەهات ، بەلای ئارامەوە ئەو جۆرە ڕەفتارانەی هاوڕێکانی، کارێکی منداڵانە و کاتییە، هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێت و تەنیا کاتەکانی خۆیان بەبێ ئامانج دەکوژن.

کات بەلای ئارامەوە سامانێکی زۆر گەورەبوو، هەموو کاتەکانی ژیانی بۆخۆی ڕێکخستبوو. بەردەوام ئارام هەوڵی دا کە ئەوەی لە توانای دابێت ، بتوانێت هاوڕێکانی هۆشیار بکاتەوە لەگرنگی ئەو چوار ساڵەی کە لەزانکۆدان ، واتە دەبێت ئەو چوارساڵەی ژیانیان بکەنە داڕێژەری پلانەکانیان بۆ داهاتوویان.

بەڵام بەشێکی زۆری هاوڕێکانی ئارام ، گاڵتەیان بەقسەکانی ئارام دەهات و هیچ گرنگیەکیان بەقسەو ئامۆژگاریەکانی نەدەدان ، ئیتر ئارام بڕیاریدا کە واز بێنێت لە ئامۆژگاری کردنی کەسانێک کە نایانەوێت ئامۆژگاری وەربگرن لە کەسانی دیکەدا .

ئارام ,زۆربەی کات دەردە دڵیەکانی ناو ناخی دڵی خۆی تەنها لە گەڵ کتێبەکان باس دەکات ، چوونکە ئەو باوەڕی وابوو، کە تەنها کتێبەکان دەتوانن لە ئەمڕۆدا ئازارەکانی ناو دڵی ئارام کەم بکەنەوە . ئەگەرنا هیچ کەسێکی تر ناتوانێت ئازارەکانی ئارام کەم بکاتەوە .

هاتووچۆ کردنی ئارام ، بۆ زانکۆکەی هەموو بەیانیانێک لە ڕێگای هێڵی پاسەکەی ، نزیک ماڵیان بوو، ئارام کوڕێکی هەژار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەماڵەوە هیچ ئۆتۆمبیلێکیان نەبوو، کە پێی بێتە زانکۆ یاخود پارەیەکی زۆری لە گیرفانی دا نەبوو ، هەتاوەکو بە تەکسی لەپێش زانکۆکەکەی ڕابوەستێت.

ئارام تەنها چەند دیناریکی کەم لەگەڵ جلێکی کۆنی لەبەردابوو، کە هەموو بەیانیانێک بەسەرماو ، بە باران دا ، بە ڕاکردن بەرەو لای هێڵی پاساکەی نزیک ماڵیان دا ڕۆیشت بۆ ئەوەی بڕوات بۆ زانکۆ، کەچی هەتا دەگەیشتە لای هێڵی پاسەکە ، هەموو جلەکانی بە ئاوی باران خووسابوو.

ئارام بەجلێکی تەڕاویدا لەژێر کەپرێکدا لەتاو سەرماو باراندا ، لە چاوەڕوانی هاتنی پاس دایە ، بۆ ئەوەی خێرا فریای  وانەکانی زانکۆی بکەوێت، هیچ ڕۆژێک ئارام لەوانەکانی دوانەکەتبوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەیانیان زووتر بەخەبەر دەهات .

ئیتر زیاتر لە دەخولەک لەچاوەڕوانی دا ئارام توانی  سەربکەوێت  بەناو پاس و شوێنێکی بۆ خۆی دۆزیەوە ، بەجلە تەڕەکانی بەریەوە لەتەنیشتی کچێکەوە دادەنیشێت. بەڵام ئارام بەبینینی کچەکە زۆر  پێی سەرسام دەبێت ، نەک سەرسام بوون بەجوانیەکەی،  بەلای ئارامەوە جوانی رووخسار گرنگ نەبوو، بەڵکو سەرسامی  خوێندنەوەی کتێبەکەی دەستی

دەبێت، ئارامیش زۆر دڵخۆش دەبێت کە کچێک دەبینێت خۆی سەرقاڵ کردوە بەخوێندنەوەی کتێب که هەتاوەکو دەگاتە زانکۆکەی .

ئارامیش ،بەبێدەنگی دەست دەکات بەخوێندنەوەی کتێب ، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئارام نەی توانی کتێبی زۆر بکڕێت ، ئەمەش وای کردبوو کە ناچاربێت لەڕێگای مۆبایلە بچووکەکەی دەستیەوە بەبەردوامی کتێبەکان بخوێنێتەوە.

کاتێک ئارام خۆی سەرقاڵ کردوە بەخوێندنەوەی کتێب لەناو مۆبایلە بچووکەکەی دا، لەناکاو کچەکەی تەنیشتی بەخەندەیەکەوە بە ئارام دە لێت:کوڕی قۆز تۆ چۆن دەتوانیت لەناو ئەو

مۆبایلە بچووکەدا کتێب بخوێنیتەوە ؟ چوونکە دوایی ئەو دوو چاوە جوانانەت ماندوو دەبن.

بۆیە هەوڵبدە بە کتێبی کاغەز بخوێنەوە یان مۆبایلێکی گەورە بکڕە بۆ ئەوەی چاوت ماندوو نەبن، لە کاتی خوێندنەوەدا. ئارامیش بە ڕووخسارێکی پڕ لەخەمبارییەوە وەڵامی کچەکە دەداتەوەو پێی دەڵێت: کچی جوان باوکم ماوەی دوومانگە نەشتەرگەریان بۆ ئەنجام داوە ، کەچی هێشتا نەمان توانیوە پارە ی نەشتەرگەریەکەی باوکم بدەینەوە ، خۆ منیش ئارەزوو ئەوە دەکەم وەکو خەڵکانی تر بە کتێبی کاغەز بخوێنمەوە ،یاخود مۆبایلێکی گەورەم هەبێت بۆخۆم بە جوانی وشەکانم لێ دیاربێت .

بەڵام هەرگیز ئەم شتانە من پاشگەز ناکاتەوە لە کتێب خوێندنەوە ، چوونکە من لەڕێگای ئەم کتێبانەوە هەست بە ئارامبوونی دەروونی خۆم دەکەم، کتێبەکان بۆمن هەستێکی جیاوازیان هەیە ،لەهەر لاپەڕەیەکی کتێبەکان پڕیەتی لە وشەی جۆراو جۆر کە لەهەر وشەیەکی ناو کتێبەکان ، بەخشینی ژیانێکی نوێ و تەمەنێکی جوانترە بۆمن.

کچەکە بەو قسانەی ئارام وای لێ دەکات ، کە هەستێکی تایبەتی بۆ ئارام درووست دەبێت و هەربۆیە کچەکەی تەنیشتی ئارام لە ناخی دڵی خۆیەوە ، هەست بەپەشیمانی دەکات کە ئەو جۆرە قسەیەی لەبەرامبەر بە ئارام کرد.

بەهـــەمان شـــێوەش ئـــارامیش هەســـتێکی جـــوان و تایبـــەتی بـــۆ کچەکـــە درووســـت دەبێـــت ، ئـــارام لـــە نـــاخی دڵیـــەوە پـــێ وایـــە کـــە ئەمـــە، ئـــەو کەســـەیـــە هـــەروە وەکـــو کتێبـــەکان دەتوانێـــت لـــەناخی دڵـــم تـــێ بگات و کەمێک لە ئازارەکانم کەم بکاتەوە.

ئـــارام خـــۆی بـــە کچەکـــە دەناســـێنێت و پێـــی دەڵێـــت: مـــن نـــاوم ئارامـــە، ئـــەم ســـاڵ لـــە قۆنـــاغی دووەمـــی زانکـــــۆدام ، تـــــەنیا دوو ســـــاڵم مـــــاوە ، بـــــەڵام لەلایەکـــەوە زۆر دڵتـــەنگم بـــەکۆتایی هـــاتنی زانکـــۆ، چوونکـــە زانکـــۆ بـــۆ مـــن پـــڕە لـــە وێســـتگەی جـــوان کـــە هـــەر ڕۆژێـــک بـــۆ مـــن ڕۆژێکـــی نوێیـــە ، لـــە تەمـــەنم دا. هـــەر ڕۆژێـــک لـــە ڕۆژەکـــانی زانکـــۆم مـــن تێیـــدا فێـــری شـــتی نـــوێ دەبـــم، لەگـــەڵ کتێبەکان و ئەو کەسانەی دەورووبەرم دا...

لەگـــەڵ خوێنــــدنی زانکۆکــــەم، ســــەرقاڵی کــــارکردنم، بــۆ ئـــەوەی بتـــوانم پێداویســـتی زانکـــۆم و لەهـــەمان کاتیشــــدا یارمــــەتی ماڵـــــەوەمان بــــدەم، چوونکــــە بـــاوکم نەخۆشـــەو توانـــای کـــارکردنی نیـــەو هـــیچ جـــۆرە داهاتێکیشـــی نیـــە. هـــەروەها دایکیشــــم زۆر مانـــدوە بـــەیانیـــان زوو پـــێش هـــەموومان هـــە ڵدەســـتێت و هـــەتاوەکو نیـــوەڕۆ ، لـــە نەخۆشـــخانە یـــەک کـــاری پاکردنـــەوە دەکـــات، بـــۆ ئـــەوەی خــــەرجی مــــن و خووشــــک و برابچووکــــەکانم دابین بکات.

کچەکـــەی تەنیشـــتی ئـــارام ، هـــەتا دەهـــات زیـــاتر هــــۆگری ئـــــارام بــــوو ،ئیتــــر کچەکــــەش بــــە ڕووخســــارێکی پێکەنیناویــــەوە خــــۆی بــــە ئــــارام دەناســــێنێت و پێــــی دەڵێــــت: خۆشــــحاڵ بــــووم بــــە

ناســـینی کـــوڕێکی وەکـــو تـــۆ ، منـــیش نـــاوم ســـۆمایە وەکـــو تـــۆ ئـــەم ســـاڵ لـــە قۆنـــاغی دووی زانکـــۆ، بـــە ڵام دەبوایـــە لـــە قۆنـــاغی ســـێ بوومایـــە ئەمســـاڵ ، بـــەهۆی کۆمـــەڵێـــک کێشـــەوە ســـاڵێکم لەدەســـت چوو.

بـــەڵام لەلایـــەکی دیکـــەوە خۆشـــحاڵم کـــە ســـاڵێک ماومەتـــەوە ، بـــەهۆی ئـــەوەی دەتـــوانم زیـــاتر لـــە ڕێگـــای زانکۆکەمـــەوە بۆخـــۆم زانســـت و کتێبـــی باشـــتر بخوێنمـــەوە، چوونکـــە مـــن ئـــەم چەنـــد ســـاڵە ی زانکـــۆ بەهـــەلێکی زێـــرین دایـــدەنێم بۆخـــۆم کـــە دەتوانم زۆر چالاکی گرنگ ئەنجام بدەم.

مـــن و خوشـــکە گەورەکـــەم لـــە منداڵیـــەوە ئاشـــنایەتیمان لەگـــەڵ کتێـــب پـــەیـــداکردبوو ، لەگـــەڵ

ئەوەشدا کتێبخانەیەکی زۆر گەورەمان لەماڵەوە هەیە کە نزیکەی دووهەزار کتێبی تێدایە. هەموو شەوێک بۆ چەند کاتژمێرێک دەچمە ژووری کتێبخانەکەم و لەگەڵ هەموو کتێبەکان بۆخۆم دەست دەکەم بە گفتوگۆکردن، کتێبەکان بۆمن زۆر ڕاستگۆن، چوونکە هەر شتێک بپرسم لە کتێبەکان ئەوان بەلاپەڕە بە لاپەڕە بۆمی شی دەکەنەوە بێ ئەوەی هیچ درۆیەکم لەگەڵ دا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا لەناو مۆبایلەکەم کتێبخانەیەکی بچووکم هەیە کە جاروباریش لە ڕێگای مۆبایلەکەمەوە دەست بۆ خوێندنەوەی کتێبێک دەبەم ، لە جیاتی ئەوەی خۆم بەشتی بێ کەڵکەوە سەرقاڵ بکەم لە مۆبایلەکەم دا.

مـــن ئـــەو کاتـــەی کـــە لەلایـــەن کتێبەکانـــەوە دەگـــەم بـــــە پرســـــیارەکانی نـــــاو مێشـــــکی خـــــۆم ، ئیتـــــر ئـــەوکات زۆر هەســـــت بـــە ئـــارامبوونی دەروونـــی خـــۆم دەکـــەم چوونکـــە کتێبـــەکان لەگـــەڵـــم ڕاســـتگۆن و هـــیچ درۆیـــەکم لەگـــەڵـــدا ناکـــەن ، بـــەڵام زۆرینـــەی مرۆڤـــەکان کاتێـــک لەگـــەڵـــت دادەنیشـــن بـــەبێ ئـــەوە ی هەســـــت بکـــــەیـــت زۆرتـــرین درۆت لەگـــــەڵـــدا دەکەن.

بـــاوکی مـــن پیـــاوێکی کاســـبکاری نەخوێنـــدەوارە ، بـــەڵام بـــەردەوام هـــانی مـــن وخوشـــکەکەم دەدات کـــە کتێـــب بخوێنینـــەوە ، بـــۆ ئـــەوەی ببـــین بـــە کەســـێکی تێگـــەیشـــتوو خـــاوەن پێگـــەی تایبـــەتی خۆمـــان لـــەنێو کۆمـــەڵگـــادا، هەرچەنـــدە مـــن و خوشـــکەکەم جیـــاوازتر بـــووین لـــە کچـــانی دیکـــەی

ئـــەمڕۆدا کـــە دەبیـــنم زۆرینـــەیـــان، کاتـــەکانی خۆیـــان بـــە شـــتە لاوەکیەکانـــەوە خـــەریک کـــردوە، کـــە هـــیچ ســـوودێکی ئـــەوتۆیان پـــێ نـــادات ، جگـــە لـــە زیـــان گەیاندن بۆ خودی خۆیان و دەورووبەریان دا.

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا مـــن بـــە بـــەردەوامی هاوڕییـــەتی ئـــەو کچانـــە دەکـــەم ، لـــە زانکـــۆ کـــە بـــەردەوام خـــەریکی کـــاری جـــوان و سوودبەخشـــن و خـــاوەن هیـــوای گـــەورەن بـــۆ داهـــاتووی خۆیـــان دا ، نـــەک ئەوکچانـــەی کـــە هـــەر ڕۆژێـــک بـــە مـــۆدێلێکی قوماش خۆیان نیشان دەدەن ، لە زانکۆدا.

هیواداریشـــم ئاســـتی زانســـت و خوێندنـــەوەیـــەیـــان هاوشـــێوەی جـــل و بەرگـــەکانیان بێـــت، مـــن بەهەمووســـاڵی خوێنـــدنم تـــەنیا دوو جـــل لەبـــەردا

دەکەم ، چوونکە جل و بەرگ تەنیا قوماشێکە مرۆڤ بۆ داپۆشینی خۆی لەبەری دەکات ، هیچ گرنگیەکی تری لێ بەدی ناکرێت ، هەتاوەکو مرۆڤەکان بەشێوەیەکی زەق گرنگی پێ بدەن و، پارەیەکی زۆری بۆ خەرج بکەن.

ئارام و سۆما هەروەکو دوو بلبولی جوان، سەریان بەسەری یەکترەوە نابوو خەریکی قسەکردن و دەردەڵی بوون ،لەگەڵ یەکتردا ، زیاتر لە چل و پێنج خولەک لە گفتگۆ و قسەکردندا ، لە کۆتایی دا ئەم دوو بولبولە تێگەیشتووە گەیشتنە زانکۆکەیان ، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جێگای دڵخۆشیە بۆ ئارام ئەوەیە کە سۆما لە هەمان کۆلێژەکەی ئارام دەخوێنێت ، بەڵام سۆما لەبەشێکی دیکەی کۆلێژەکەدا

بـــوو. ئەمـــەش بـــووە جیگـــای دڵخۆشـــی ئـــارام كـــە تـــوانی هاوڕێیـــەكی بـــاش وەكـــو خـــۆی لـــەناو كۆلیژەكـــــەی دا ببینێتـــــەوە .كـــــە خـــــاوەنی بیركردنـــەوەیـــەكی جوانـــە بـــۆ داهـــاتووی و لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ســـۆما كچێكـــی ئامانجـــدار بـــوو لـــەژیانی ، كـــە ئەمـــەش زیـــاتر، ئـــارامی دڵخـــۆش دەكـــرد بـــە هاوڕێیـــــەتی كـــــردن لەگـــــەڵ ســـــۆمادا، ئـــــارام جیـــاوازتر لـــە هـــەموو ڕۆژەكـــانی تـــر ئـــەمڕۆ زیـــاتر دڵـــی خـــۆش بـــوو چوونكـــە تـــوانی ببێتـــە هـــاوڕیی كچێكی جوان و زیرەك و تێگەیشتوو .

ئـــارام لـــەدڵی خۆیـــەوە گـــوتی: ئیتـــر لەمـــەو بـــەدوادا مـــن جگـــە لـــەوەی ســـالانێكی دوورو درێـــژە تـــەنیا هاوڕێیـــەتی كتێبـــەكان دەكـــەم ,كـــەچی ئـــەمڕۆ ئیتـــر لـــەپاڵ كتێبـــەكانم ، كچێكـــی ڕۆشـــنبیر كەوتـــە

نـــــاو ژیـــــانی منـــــەوە ، کـــــە ئیتـــــر پێکـــــەوە دەردەدڵیەکانمان ئەنجام دەدەین.

ســـۆما پـــێش ئـــەوەی بـــڕوات بـــۆ نـــاو بەشـــەکەی خـــۆی ، بـــە ئـــارام دەڵێـــت: هـــاوڕێ لـــەپاش تـــەواو بـــوونی وانـــەی یەکـــەم لـــە کتێبخانـــەی کۆلێژەکـــەمان دەتبینمـــــەوە ، هیـــــوادارم تـــــۆش لـــــەوێ ئامادەبیـــــت ، بـــــەبێ دواکـــــەوتن . ئـــــاراميش بەخۆشـــــحاڵیەوە بـــــە لێنـــی بـــە ســـۆما دا کـــە هـــەر یەکـــەم وانـــە تـــەواو بێـــت ڕاســــــتەوخۆ خــــــۆی لــــــە کتێبخانــــــەی کــــــۆلێژدا ببینێتەوە .

کتێبخانـــەی کۆلێژەکـــە بـــۆ ئـــارام بـــووە، ســـەرچاوە یـــــەکی گـــــەورە لـــــەفێربوونی زانســـــت و زانیـــــاری، لەگـــەڵ ناســـینی باشـــترین و پـــاکترین کـــەس لـــەم

ژینەدا ، کە ئەویش سۆمایە ، هەروەکو فریشتەیەک هاتە ناو ژیانی کوڕێکی هەژاری دڵپاک.

کات و ڕۆژەکانی نێوان ئەم دوو هاوڕێیە، زۆر بەخێرایی دەڕوات و بەبێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن، سۆما و ئارام هەست بەوە دەکەن کە ڕۆژ بەدوای ڕۆژی هاوڕێتیەکەیان ، گۆڕانی تێدا ڕوودەدات و لە هاوڕێیەتی ئاسایی دەگۆردرێت ، بۆ هاوڕێیەتیەکی سۆزداری و خۆشەویستی، چوونکە لە دیدی ئارام و سۆمادا لەو زنجیرە گفتگۆیانەیان کە بەدرێژایی ڕۆژەکانیان لە زانکۆ ئەنجامیان دەدا ، کە لەبارەی سەرجەم پرسەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەتیش پرسی هاوسەرگیری و

خۆشەویستی لەنێوان کچ و کوڕدا، کە ئەمەش تەوەرێکی گرنگ بوو بەلای ئارام و سۆماوە لە کۆمەڵگادا.

ئارام و سۆما وەکو دوو خوێندکاری سەرکەوتووی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی ،دەیان خوێند کە ئامانجیان ئەوەبوو لە داهاتوودا بڕوانامەی بەکالۆریۆس ، لە بوارەکەی خۆیان بەدەست بهێنن و بتوانن خزمەتی کۆمەڵگاکەی خۆیان بکەن .

لەڕێگای ئەو زانستەی کە هەڵیان گرتووە، بتوانن کۆمەڵگایەکی تەندرووست دروست بکەن ، بەتایبەتیش بۆ گەنجانی هاوشێوەی خۆیان ، چوونکە بەلای ئارام و سۆما زۆر

گرنگ بوو کە چینی گەنجانی کۆمەڵگا لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و خۆشگوزەرانی دا بژین ، سەرەنجام گەنج داینەمۆیەکی گرنگی کۆمەڵگایە ، هەربۆیە ئارام و سۆما بەردەوام تیشکیان دەخستە سەر چینی گەنجان ، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان دوو گەنجی تێگە یشتوو بوون لەژیان دا.

ئەگەر چی ئەوان بڕوایان وابوو کە ئەم پڕۆسە یە دەبێت لەسەرەتادا لەسەر مامەڵەکردنی هاوڕێیەتی بێت، ئەمەش واتە دەبێت لە نێوان ئەو کچ و کوڕەدا کە دەچنە قۆناغی ژیانی هاوسەرگیریان ، دەبێت لەپێش هەموو شتێک ، وەکو دوو هاوڕێی خۆشەویست ، مامەڵە لەگە ڵ یەکتردا بکەن ، لەهەمان کاتیشدا زۆر

بەجوانی لەیەکتر تێبگەن وبتوانن سەرجەم پرسەکان و کێشەکانی نێوان خۆ چارەسەر بکەن.

ئەم بۆچوونەی سۆما و ئارام لەبەرامبەر پرۆسەی هاوسەرگیری و بنیاد نانی خێزانێکی تەندرووست و بەختەوەر، پێیان وایە کە دەرئەنجامی پڕۆسەی هاوسەرگیریەکە سەرکەوتوانە دەبێت ، چوونکە لە کۆتایی دا ئەو کچ و کوڕە کە بڕیاری پرۆسەی هاوسەرگیریان داوە ، بڕیارەکەیان لەسەر بنەمایەکی هاورێتیانەی پڕاو پڕ لە خۆشەویستی و سۆزداری بۆ یەکتری بووە، کە هەرگیز ناتوانن بە ئاسانی دەست بەرداری یەکتری بن لەسەر بچووکترین شتی ژیانیان دا.

سۆما و ئارام بەهەموو خۆشییەکان و ناخۆشییەکانەوە پێکەوە توانییان چوار ساڵی زانکۆییان بە زۆرترین زانست و زانیاری و خوێندنەوە تەواو بکەن، کە توانییان لە ماوەی ئەو چوارساڵەی زانکۆیان دا ڕێچکەیەکی ڕاست و درووست بۆ داهاتووی ژیانی خۆیان بگرنە بەر، کە هەتاوەکو تەمەنیان مابێت لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام بن، لە کارکردن و خزمەت کردنی خۆیان و دەوروبەرەکەیان دا.

دووبارە بە بۆچوونی ئارام و سۆما کە ئەمجارەیان لە ڕێگای وتاریکی درێژەوە بۆ یەکێک لە ڕۆژنامەکان نووسیبیان لەژێر

ناونیشـــانی (زانکـــۆ بکـــە بـــە وێســـتگەیـــەکی گرنگـــی ژیانت).

کـــە بـــە شـــێوەی دوو قـــۆلی نووســـیبیان ، لـــە وتارەکـــەیـــان دا ئـــارام و ســـۆما ئامـــاژەیـــان بـــەوە کـــردوە کـــە دەبێـــت قوتـــابی لـــەیەکـــەم ڕۆژی پـــێ خســـــتنە نـــــاو زانکۆیـــــدا، پێویســـــتە کـــــەش و هەوایـــەکی پـــڕ لـــە ئـــارامی و زانســـت و زانیـــاری و زۆرتـــرین خوێندنـــەوە درووســـت بکـــات ، چوونکـــە ســـۆما و ئـــارام پێیـــان وابـــوو کـــە کـــە قۆنـــاغی زانکـــۆ ، قۆنـــــاغێکی زۆر کورتـــــە بـــــە چاوتروکانێـــــک کۆتایی دێت.

هەربۆیـــە لـــەڕێگـــای وتارەکـــەیانـــەوە داوایـــان لەســـــەرجەم قوتابیـــانی زانکـــۆ کـــردوە کـــە ئـــەو

چوار ساڵەیان لە زانکۆ بە هەلێکی گەورە دابنێن بۆخۆیان ، کە بتوانن ئاستی زانستی خۆیان دۆڵەمەند بکەن لە بوارەکەی خۆیان و بوارەکانی دیکەدا .

بۆئەوەی پاش تەواوکردنی زانکۆیان ، هەست بکەن کە کارێکی گرنگ و سوودبەخشیان ئەنجام داوە.

ئارام و سۆما کۆتا بڕیاری خۆیاندا ، کە دەست بخەنە ناو دەستی یەکترەوە بۆ هەتا هەتایە لە یەک هێلانەی بەختەوەری و خۆشەویستی دا ، ژیانیان بەڕی بکەن، هەستیان بەخۆیان کرد لە رووی هەموو شتێکەوە ئامادەن بۆ ژیانی

هاوسەرگیری و پێک هێنانی خێزانێکی بەختەوەر.

بەڵام لێرەوە نهێنیەکی سۆما هەیە کەهەرگیز نەیتوانیوە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئارامدا ، نەیتوانیوە لە دەرفەتێک ئەو نهێنیەی بۆ ئارام باس بکات، چوونکە سۆما ترسی هەبووە لەوەی کە ئەو نهێنیە ببێتە هۆی لە دەستدانی ئارام .

نهێنیەکەی سۆما ڕووداوێکی ناخۆشی تەمەنی منداڵی خۆیەتی هەرکاتێک بەبیری دێتەوە ، ڕاستەوخۆ ئازارێک لەناو دڵی دا درووست دەبێت، بەڵام دەبێت ئەم شەو کە یەکەم شەوی

بووکێنی سۆمایە ، دەبێت ئەم شەو ئەو نهێنیە بۆ ئارام ئاشکرا بکات .

سۆما بە ڕووخسارێکی ماتەمینییەوە لەبەرامبەر ئارام دەوەستێت ، ئارامیش هەستدەکات کە ڕووداوێکی ناخۆش ڕوویداوە، بۆیە هەرزوو هەردوو دەستە جوانەکانی سۆما دەگرێت و پێی دەڵێت: تاقانەکەی من سۆما گیان، بۆ چی ڕووخسارت داوەتە یەک من نامەوێت ، هەرگیز تۆ بەم شێوەیە ببینم.

-سۆما: ئارام گیان تکایە گوێم بۆ بگرە بۆ شتێک، کە چەندین ساڵە لەتۆم شاردۆتەوە بە لام چیتر بەرگەی ناگرم کە ئەو نهێنیە لەتۆی بشارمەوە، بەلام ئەم شەو کاتی ئەوەیە کە

ئەو نهێنیە پێت بڵێم پێش ئەوەی تۆ ئەم شەو دەستم لێ بدەی.

من ئەو کاتەی تەمەنم دوازدە ساڵان بوو، ڕۆژێکیان نامەردێک منی بێهۆش کردو لەپاشان ئیتر من هیچ ئاگایەکەم لە خۆم نەما ، بەڵام کاتێک بەخەبەر هاتمەوە تەماشای خۆم دەکەم، هەموو جلەکانی بەرم دڕاوە و خوێنێکی زۆرم لێ هاتبووە خوارەوە لەنێوانی هەردوو رانەکانم دا ، منیش راستەوخۆ دەستم کردە بە هاوار و گریان، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو.

لەو ڕۆژەوە ئەو نامەردە ژیانی کچێنی منی فەوتاندبوو، هەرکاتێک سەیری ڕوخساری خۆم دەکرد لە ئاوێنە من نەفرەتم لەو ڕۆژە

دەکـــرد کـــە هاتمـــە ســـەر ئـــەم دونیـــا قێزەونـــە ، کـــە پڕیـــەتی لـــە مرۆڤـــی خـــراپ و دڕنـــدە . هـــەروەها خێزانەکـــەم بەهـــەموو شـــێوەیـــەک هـــەوڵیان دا کـــە ئـــەم ڕووداوە پـــەردەپۆش بکـــەن و هـــیچ کەســـێک پێـــی نـــەزانێت، منـــیش هـــەوڵم دا بەهـــەموو شـــێوە یـــەک لـــەبیری خـــۆمی ببەمـــەوە بـــەڵام نـــەمتوانی ، لـــەبیری خـــۆمی ببمـــەوە. چوونکـــە ئازارێکـــە هـــەموو شـــەوێک لەگـــەڵ ئـــەو ئـــازارەی خـــۆم چاوەکـــانم لێک دەنا .

بـــەڵام لەلایـــەکی تـــرەوە تـــوانیم دووبـــارە دەســـت بـــەژیانی خـــۆم بکـــەم ،کـــە ئـــەوەتا ئێســـتا تـــوانیم کۆلێژەکـــــەم بەســـــەرکەوتوویی تـــــەواو بکـــــەم ، بـــۆ ئـــەوەی بتـــوانم بـــەپیشـــەکەم لەپشـــتی ئـــەو کچانـــە بـــم کـــە لەتەمـــەنێکی بچـــووکی وەکـــو مـــن ڕووبـــەڕوی

ئەو جۆرە ناخۆشیە بوونەتەوە. منیش ئەوەی لەدەستم بێت بتوانم هەتا ڕادەیەکی کەم هیوایەکیان پێ ببەخشم ، بۆ ئەوەی جارێکی تر هیوایەکیان بە ژیان دروست ببێتەوە .

ئارامیش بە فرمێسکەوە باوەشێکی توند بە سۆما دەکات و پێی دەڵێت: خۆزگە ئەم ئازارەت ساڵانێکی زوو لەبیری خۆت ببردبایەوە تاقانەکەم، بەڵام دڵنیابە سۆما گیان من دەبمە ئەو کوڕە بۆت کە هەموو ئەو ئازارانەت بۆ لەیاد ببەمەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیابە کە من ژیانێکی جوان و خنجیلانەت بۆ فەراهەم دەکەم ، هەموو هەوڵی خۆم دەدەم کە ببمە هەڵگری ئەو ئازارەی ناو ناخت .

ئـــــارام و ســــــۆما لـــــه پـــــاش دوو ســــــاڵ لـــــه هاوســــــەرگیری و خۆشەویســــــتی نێوانیـــــان دا ، بـــــۆ دواجـــار توانیـــان بـــبن بـــه دایـــک و بـــاوکی کچێکـــی جـــوان و خنجیلانـــه کـــه ناویـــان لـــێ نـــا دلڤـــین ، دلڤـــین بـــووه وێســـــتگەیـــەکی تـــر لـــه بەختـــەوەری نێوان ژیانی سۆما و ئارام دا .

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئـــارام و ســـۆما بڕیاریـــان دا کـــه تـــەنیا دلڤـــین گیانیـــان هـــەبێت و هـــیچ منـــداڵێکی تریـــان لـــەپاش دلڤـــین نـــەبێت ، چوونکـــه داهاتەکـــەی هـــەردووکیان دیـــاری کـــراو بـــوو ، تـــەنیا بەشـــی ســـێ کەســـی دەکـــرد بـــۆ خۆشـــبەختی ژیـــانی خۆیـــان و دابینکردنـــــی هـــــەموو پێداویســـــتیەکانی دلڤـــــین گیان.

2020|4|6

